
عەلی ئەشرەف دەروێشیان



# وەرزی نان

وەرگێڕانی
عەزیز گەردی

Scanned with CamScanner

عەلی ئەشرەف دەروێشیان

# وەرزی نان

وەرگێڕانی

عـــەزیزگـــەردی

Scanned with CamScanner

**وەرزی نان**

بابـــــــــــەت: کۆمەڵە چیرۆك

نووســـــــــــەر: عەلی ئەشرەف دەروێشیان

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عەزیز گەردی

کۆمپیوتەرو هەڵەچنیو ڕێکخستنی ناوەوە: وەرگێڕ

چاپی یەکەم  هەولێر ٢٠١١

چاپخـــــــانە: ماردین

نـــــــــرخ: ٢٠٠٠ دینار

تــــــیراژ : ١٠٠٠ دانە

ژمـــارەی سپاردن: ٥٧٣ ساڵی ٢٠١١

Scanned with CamScanner

# پێڕست


کەری نەوت.......................................................... ٧

دوکانی باوکم.......................................................... ١٧

گۆشتاوی خۆخ.......................................................... ٣٣

ڕۆژێك.......................................................... ٤١

ئەشق و قوڕ.......................................................... ٦٣

باوکی مەعسوومە.......................................................... ٨٣


Scanned with CamScanner

## کەری نەوت

کە جەنابی بەڕێوەبەر، بڕوانامەی داینەوە، من بەرەو ماڵەوە رام کرد.

هەروا کە سەرم دانەواندبوو، لە ناکاو خۆم بە ورگی کابرایەك دادا تەبەقێکی بەتاڵی لەسەر سەر بوو.

کابرا هاوارێکی کردو جوێنێکی دا.

- مەگەر سەری بزنەکێوی دەبەیتەوە، چییە؟ سەگ داك!!

بڕوانامەکەم لە دەست بەربووەوە ناو خۆڵ. بە پەلە پەل هەڵمگرتەوە. بە غارە غار هاتمەوە ماڵێ.

نەنە بۆ جلشۆری چووبووە ماڵان. بوو بە نیوەڕۆ، بە دەستی سوورو ناسکی هاتەوە. شەکەت بوو. چاوەکانی تادارو خەواڵوو بوون.

پەشیمان بوومەوە پێشانی بدەم پێشانی بدەم. هێشتمەوە بۆ شەو.



Scanned with CamScanner

شەو، کە بابە هاتەوە، ژووری پڕ کرد لە بۆنی پێو بۆنی ترشاوی نانی تیری. هەمیشە نانی تیری دەکڕی بۆ ئەوەی دڵمان بگرێو تێر ببین. چوار دانە ئارووی زەردی گەورەیشی کڕی بوو.

لەسەر سفرە دانیشتین. نەنە ئاروووەکانی سپی کردو ئەڵقە بڕیو لەسەر نانی دانا.

نانو ئاروومان خوارد. پاشان خوێمان بە توێکڵەکەی وەرکردو خوارمان. بابەیش، لەسەرەخۆ، بێ ئەوەی ئێمە ببینین، توێکڵەکەی خوارد. پاشان پارووەکەی لە ناو خوێ راکردو گوتی:

- یا مەولام، عەلی!

رووی کردە نەنەو گوتی:

- حەزرەتی عەلی، سەلامی خوای لێ بێ، هەمیشە نانو خوێی دەخوارد.

نەنە گوتی:

- قوربانت بم، مەولانا گیان!

بابە گوتی:

- شوکرەن شوکر، ئەی کەریم!

کە نان تەواو بوو، بابە دەستی بەرەو بنمیچ هەڵبڕیو بە یەکەوە دوعامان کرد.

- " خودایە شوکر! خودایە ئیشمان بسازێنە. رزقو رووزیمان بدە. نانمان بدە! بابەمان لێ نەستینی! قەرزمان لەسەر لابەی! تووشی نەخۆشیمان نەکەی، خوایە!"



Scanned with CamScanner

فاتێ خوشکە گچکەم بەو توێکڵە ئاڕووەی بە دەستی لەڕو بچووکییەوە بوو، ئاماژەی بۆ ساپیتە کردو لە حاڵەتێکدا کە سەری زمانی دەیگرت،

گوتی:

- خودایە، ئاوی نەباتیشمان بدەرێ! هەندێ ئێسکیشمان بدەرێ!

ئەسغەر پێکەنی. بابە چاوی لێ زەق کردەوە. ئەسغەر بێ دەنگ بوو.

ئەسغەر قونکە ئاڕوویەکی لە دەست ڕفاندم. بابە هەستی پێ کردو لێوی لە ئەسغەر گەستو گوتی:

- ڕاوەستە، ساتوور بە ورگ کەوتوو!

ئەسغەر سست بوو. من دەرفەتم بە هەل زانیو هێدی قونکە ئاڕووەکەم لە دەست دەرهێنا. بابە ئاماژەی بۆ سفرە کردو بە نەنەی گوت:

- بە زیادی کە!

نەنە سفرەی پێچایەوە.

کە بابە قلْپی هاتەوە، چووم بڕوانامەکەم هێنا. دامە دەستی. بەو کۆلکە خوێندەوارییەی هەیبوو، بە زەحمەت توانی ناوی منو ناوی خۆی بدۆزێتەوە.

" ناو: شەریف عەلی. ناوبانگ: زەحمەتکێش. کوڕی: سەیف عەلی.

کە ناوی خۆی خوێندەوە، لێوی وێك هێنایەوەو برۆی پەیوەستی هەڵتەکاند. وەکوو کاتێ کە کتێبی دوعای دەخوێندەوە. کەیفی پێ هاتبوو، دووبارە خوێندییەوە.



Scanned with CamScanner

- کوڕی سەیف عەلی.

بە نەنەی گوت:

- ماشەللا بۆتە پۆلی چوار!!

ئەسغەر سەری دانەواندبووو قالکە شخارتەی بەتاڵی لە سەر لێوی نیمدەر دەهاژواو دەنگی ئوتومۆبیلی دەردەهێنا. پۆلی دووەم بوو. لەوانەیە کەوتبێ بۆیە قسەی نەدەکرد. بابە بە ئەسغەری گوت:

- ئەی تۆ چت کرد؟ تەمبەڵ!

ئەسغەر دەستی لەرزی. ئوتومۆبێلەکەی لە جادە دەرچوو و پێی لە کۆتری سەر نیمدەرەکە نا.

بابە رووی کردە من و گوتی:

- بەیانی دەبێ بچیتە کار. ئەسغەریش دەچێتە بلیت فرۆشی.

نەنە گوتی:

- عەلی بچێتە کوێ؟

بابە گوتی:

- دەیبەمە لای حاجی رەزای نەفتفرۆش.

نەنە گوتی:

- ئای های!! لە خۆمان بەدبەختێ! هەرچی پارەمان هەیە دەبێ بە سابوونی بدەین بۆ ئەوەی کراس و پانتۆڵی بشۆین.

باوکم گوتی:



Scanned with CamScanner

- بێ هوودە چەنەبازی مەکە! ئەی پار باش بوو؟! وەکوو سەگی دەرزی خواردووی لێ هاتبوو. هەر راکە ئەم لاو هەر راکە ئەولا. لە قونە ئەسپی جەنابی شەمسی رەوزەخوێن. ئاخیریش هەرچی دەستی کەوت بە کلاشمان داو دڕاندی.

نەنە گوتی:

- ئەی پاداشتی؟ ئەو هەموو دوعایەی خەڵك دەیکرد. هەم بۆخۆمان باش بوو، هەم بۆ مردووەکانمان.

بابە گوتی:

- راست دەکەی! ئەستەغفیرەللا. خودایە تۆبە. بەڵام باشە، بەڵێنم دابوو لە پشوودا بیبەمە لای حاجی رەزا. ئیشی زۆر نییە. لە دوکان دادەنیشێ و حیساب و کیتاب دەکا.

نەنە گوتی:

- من هەقم نییە. تووشی هەر بەڵایەکی دەکەی تووشی کە!!.

بابە رووی گرژ کردو هیچ قسەی نەکرد. کە بابە دەمی بە باوێشك بەش بووەوە، نەنە نوێنی راخست. چووینە ناو جێ. ئەسغەر نوقورچەیەکی لە تەرۆکم داو بە هێدی گوتی:

- قونکە ئارووەکانی سبەی شەو بۆ منە ، ها! ورگ دڕاو!!

گوتم:

- با بۆ تۆ بێ. مارە زەردە! مشکە مردەڵە!

ئیتر هیچ قسەمان نەکرد.



Scanned with CamScanner

دەنگی پرخە پرخی باوکم بوو بە تەیارەو هاتە خەونم.

□

خەیروللا بە رەنگی زەردو لووتی داژەنیوەوە: وەکوو یەکێ لە سەر گۆڕێک دانیشتبێ، لەبەر دەرگای دوکان دانیشتبوو. قەنەنەی دەکێشا. کەرە گەورەکەی لە ستوونی چرا بەستبووەوە. کەرەکە پیس بوو! هەموو پێستەی بە خۆڵو نەفت بوو. خەوەکوتکەی دەبرد. جۆڕکەکەی بە سەرییەوە بوو. هیچی نەدەخوارد. تەنیا جاروبار دەپرمیو کایەکەی لەناو جۆڕکەکە بەبا دەدا.

من لە بەر دەرگای دوکان، لەسەر چەتێك دانیشتبووم. هەتاوی سەرەتای هاوین لە خۆڵی پێش دوکانی دەداو بۆنی نەفتی گەرمو خۆڵی سووتاوی بەرز دەکردەوە.

بەرمیلی نەفت لە ناو دوکان لە تەك یەك هەڵچنرا بوون. هەر بەرمیلێك شێرێکی لەسەر بوو ئاگریان لە پشتی بار کردبوو.

خەیروللا تا ئەو وەختە دوو سێ جار بوو نەفتی بە کەر دەبردو من بە تەنیا دەمامەوە. حاجی دەفتەرۆکەیەکی دابوومێ، ژمارەی پیپەکانم لێ دەنووسی!!

دوا جار کە حاجی هات، کەرەکەی لە ستوونی چرا بەستەوە، نیگەران بوو. بەردەوام دەچووە لای کەرەکەو دەستی بە سەرو گوێی دادەهێنا. کەرەکە تووشی فیران ببوو. زرانی دەلەرزیو وردە وردە کووڕ دەبووەوە. بەرەبەری نیوەڕۆ، پیرەمێردێك دەستێکی لەبەر پشتی راکردبوو، داردەستێکی بە

دەستەوە بوو ڕێی کەوتە بەردەم دوکان. کە دیتی خەیروللا بە نیگەرانی دانیشتووە، گوتی:

ها! کاکە خەیروللا خوا خراپت بۆ نەهێنێ. ئەوە چ بووە؟

خەیروللا بە گەروو گیراوی گوتی:

- خراپت بۆ نەیە. بە خوا (مەش داود)، بێ ئەدەبیشە، بەڵام کەرەکەی حاجی وەزعی خراپە. گوڵ بێ لە رووتان، تووشی فیڕان بووە.

(مەش داود) گوتی:

- ئەوە لە کەیەوە؟

خەیروللا گوتی:

- لە بەیانی زووەوە.

(مەش داود) گوتی:

- گرنگ نییە کاکە! خەمو خەفەتی پێ ناوێ. دەرمانی یەك پەنجا کشمیشە. خێرا، خۆت تاخیر مەکە!

بە کۆکە کۆك ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت.

خەیروللا کشمیشی کڕیو هاتەوە. کەردکەی بردە ژێر زەمینی دوکان. دوای ماوەیەك بانگی منی کردو گوتی:

- ها ئەم کشمیشە بگرەو بیدە بە کەرەکە، من دەچمە بەر دەرگای دوکان نەوەك یەکێ نەفتی بوێ. بۆ ئەوەی خۆم بۆی ببەم.



Scanned with CamScanner

ژێر زەمین تاریك بوو. بۆن پەین‌و بۆگەنی لێ دەهات. بۆنی نەفتی لێ دەهات. کەرەکە وەکوو بنیادەم دەینالاند. وەکوو باوکم کاتێ کە دەردە دڵی کۆنی زیندوو دەبووەوە.

کە چاوم لە تاریکی راهات، بینیم درێژ ببوو. ددانە زەردو رەشەکانی بە جیڕەوە دەبردو دەنگێکی وەکوو جوینی لاستیکی لە دەم دەهاتە دەرێ.

بە ترسەوە دوو سێ مستە کشمیشم لە ناو دەمی کرد. کە دەستم بە لێوو ددانەکانی کەوت، زیاتر ترسام. خۆیشم مستێکم خوارد. کشمیشەکە شیرین‌و بە تام بوو. کەس منی نەدەدی. لەبەر شیرینی گەرووم بە یەکەوە نووسا بوو.

کەرەکە پەلەقاژەی بوو. شتێکی لنجی لە دەم دەهاتە دەرەوە. ناڵە ناڵی زیاتر ببوو.

ترس هەموو گیانی داگرتم. هاتمە دەرەوەو بانگی خەیروڵلام کرد. خەیروڵلا پیپە نەفتێکی بە دەستەوە بوو. لەسەر زەوی دایناو بە پەشۆکاوی چووە ژێر زەمین. کە هاتە دەرەوە، فرمێسکی لە چاو قەتیس مابوو. پێی گوتم:

- هەموو کشمیشەکەی خوارد؟

خێرا گوتم:

- بەڵێ. بە (ئەبوو لفەرز عەبباس)!

زەرفە بەتاڵەکەم پیشان دا.



Scanned with CamScanner

خەیروللا بە غارە غار چوو بۆ ئەوەی حاجی ئاگادار بکاتەوە. منیش پریاسکە نانەکەم کردەوە کە دایکم بۆی دانابووم و بەبێ ئارەزوو نانەکەم خوارد. دوای نیوەڕۆ، دوو کەس بە سواری گالیسکەیەک هاتن. حاجیش هات. ماوەیەک لە سەر کرێی بردنی کەرەکە حەفتو هەشتیان. ئینجا کەرەکەیان لەسەر گالیسکەکە دانا. کەرەکە چاوی کرابووەوە. سەرنجی تا دوور دەڕۆیشت. تۆزی لەسەر چاوان نیشتبوو. نارەحەت بوو. خەیروللا قەننەی تێ کردو لە بن دیوار دانیشت. منیش لەسەر چەتێک دانیشتم.

جۆرکی کا لەتەک ستوونی چرا کەوتبوو. شێرەکانی سەر بەرمیلەکان هێشتا ئاگریان لەسەر پشت دەسووتاو بە ئاسوودەیی وێژینگیان دەدا.

زەرفە بەتاڵەکە لە بن دیوار کەوتبوو. کوڕێک پێیەکی لە زەرفەکە داو تێی هەڵدا پێشەوە. داهاتەوەو هەڵی گرتەوە. پڕ بای کردو لە ناکاو تەقاندی.

خەیروللا خەوەکوتکەی ڕوییەوەو جوێنێکی دا:

- زۆڵی حەرامزادە!

□

دێرگا، حاجی هاتەوە. سێ قڕان کرێی دامێ. کە دەهاتمەوە ماڵێ، لە ڕێگا دەخیلەیەکم کری. کۆخەم لێ بووو گەرووم دەئێشا. بە نەنەم گوت گەرووم دێشێ، گوتی:

- هەڵبەت زۆرت شیرینی خواردووە. پارەکەت بە چ دا؟ ها؟ هەڵبەت خورمات کڕیوە! ئەی نەمگوت ئاروو بکرە! ئاروو فێنکە.



Scanned with CamScanner

ژوورەوە تاریك بوو. نەنە شووشەی لالەی دەرهێناو بنەکەی برد بۆ ئەوەی نەفت بکرێ. ژوورەکەمان پڕ ببوو لە بۆنی عەتری گۆشتاوی لیمۆ عوممانی ماڵی دراوسێکەمان. باوکم بە بۆنی ترشاوی نانەوە هاتەوە. پێی گوتم:

- ئەمشەو شەوی هەینییە. سوورەتە قورئانێك بۆ مردووەکانمان بخوێنە.

گوتم:

- گەرووم زۆر دێشێ.

بابە بە ئەسغەری گوت بخوێنێ. دەمزانی ئەسغەر نایزانێ. بابە کە قاسەکەی بینی، هەڵی گرتو رایهەژاندو پێی گوتم:

- کە زۆر بوو بە قەرز بیدە بە من.

گوتم:

- باشە!

لە دوورەوە دەنگی مەلا بانگدان دەهات. بابە سەلاوەتی لێ دا. فاتێ لەبەر ئاوازی گۆشت کوتانی ماڵی دراوسێکەمان سەمای دەکرد.

ڕێگاکانی لێواری نیمدەرەکە تاریك بوون. ئوتومۆبیلەکەی ئەسغەر لایتی نەبوو. نەنە هێشتا نەهاتبووەوە. لەوانەیە شتیان بە قەرز پێ نەدابێ.

* * *



Scanned with CamScanner

# دوکانی باوکم

زەردەپەڕ بوو. خەریك بوو شەو دادەهات. دراوی زیوینی مانگ بە ئارامی لە ئاسۆی چیاوە دەکەوتە ناو دەخیلەی رەشی شەو. چەند چۆلەکەیەك هێشتا هەر لە سەر دارهەناری ناوڕاستی حەوشە وازییان دەکرد. لە پەنجەرەوە تەماشای حەوشەم دەکرد. قەڵەم پەندانەکەم مەرەکەبی دەدا. بە زەحمەت مەشقەکانی خۆم نووسی. پەنجەکانم بە مەرەکەب ببوون. نیوە قەڵەم قۆپییەکم لە کۆڵانێ دیتبووەوە. نووکەکەم دەرهێناو کردمە مەرەکەب. ئەکبەر چمکی قالیچەی راکێشاو مەرەکەبەکەمی بەسەر قالیچەدا رشت. نەنە بە مستان وەرگەڕایە سەری خۆی. ئەنگوستە بە مەرەکەبەکانی خۆم ئەوەندە بە پێشۆرکی حەوز داهێنا هەموو سوور بوونو بە ژان کەوتن.



Scanned with CamScanner

رووناکی لە پەنجەرەکانەوە دەچکایە ژوورەوە. لە حەوشە دەنگی کۆخەی (مامە حوسێن)ی ڕەژووفرۆش دەهات کە لە ناوجێ کەوتبوو. (مامە حوسێن) زستانی بووری پێی لەسەر شەختەی کۆڵانێ خزیو بەربووەوە، کەوتە ناو جێو ئیتر هەڵنەسایەوە. (تووتی) خانمی ژنی دەچوو کشمیشی بۆ (حاجی مووسا)ی تەڕاح پاك دەکردەوە. ئێوارە دەهاتەوە. یەك تاکە نانی بەردیی تازەی پێ بوو. لە ژێر عەبای دەنا. هەر کاتێ من لەگەڵ نەنە دەمدی، نانەکەی لە ژێر عەبای دەردەهێناو رایدەداشت:

- (زەهرا خان) مەترسە، نمەکگیر نابی! پارچەیەك بۆ کوڕەکەت لەم لایە برژاوەی بکەرەوە.

نەنە ئاوی زاری قووت دەدایەوەو دەیگوت:

- نۆشی گیانتان بێ، (تووتی) خانم! بە گیانی کوڕەکەم، تازە نانمان خواردووە. خوا بە زیادی کا.

رووناکی هەر پەنجەرەیەك بە رەنگێك بوو. رووناکی ژووری (مامە حوسێن)و (تووتی خانم) زەردێکی کاڵ بوو. رووناکی ژووری (مامە عەلی بەقال)، سپی بوو چونکە چرای لۆکسایان هەبوو. گوزەرانیان باش بوو، هەمیشە بۆنی دڵبزوێنی گوشتاوی لیمۆعوممانی لە ژوورەکەیانەوە بە حەوشەدا بڵاو دەبووەوە. بەهار بوو خۆرە(نێرە کتك)یەك لەسەر دیواری بەرامبەر مرە مری بوو. ئاسۆ شین هەڵدەگەڕا. شینێکی تۆخ. ئاسمان، لەو شوێنەی کە دامێنی بە لێوی دیوارەوە دەنووسا، رەنگی ئەرخەوانی تێکەڵ بە شینێکی تۆخ دەبوو. وەکوو ئەنگوستە سوورو بە ژانەکانی من. نەنە



Scanned with CamScanner

پەمپی لە پرێمز دەدا. پرێمز لە ناکاو گڕی دەگرتو هەڵدەچوو، دووبارە ڕەنگی شین دەبووەوە. بۆنی پیوازی داغو تەنی نەفت تێکەڵ ببوو. بۆنی فرمێسك لە ئاسۆی شینی ئەنگوستەکانمەوە دەهات. مەرەکەبم ڕژابوو، لە گریان بەولاوە هیچ چارەیەکم نەبوو.

شەو دەهات. شەو کاتی پڕ بوونی ژوورەکان بوو لە کۆکەو ئاخو خەفەت. کاتی تەڕ بوونی دەفتەری مەشق بوو بە فرمێسكو کاتی دابڕان بوو لە باڵندەو هاویارییان. شەو دەهاتو باوکم بە دەستماڵی پڕ تووڕۆکەی بەهاری دەهاتەوەو هەندێ جار کە کارو باری باش دەڕۆیشتو زەوقی هەبوو، چەپکێکی لە غونچەی سەراوێ بۆ نەنە دەهێنا.

□

شەو باوکم هاتەوە. گوڵی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو. دەستماڵەکەی پڕ نەبوو. سێ سەلامی دڕدۆنگو وەڵامێکی پڕ شەرمەزاریو وەکوو دەستی باوکم خاڵی!!. خاڵی لە شتێ کە باس نەدەکرا. نەنەیش سەلامی کردو سەلامەکەی هەمان ئاوازی غەمگینی ڕۆژانی بێکاریو ناشادی تێدا بوو. ئەسغەر جێ گۆڕکێی بە پەڕە تاوسێکی بچووکی ناو کتێبەکەی دەکردو هەندێ نانی بە خوێی لە بنی پەڕە تاوسەکە دەچەسپاند بۆ ئەوەی پەڕەکە لە ناو کتێبەکە برسی نەبێو گەورە ببێ.

ئەکبەر دەفتەری مەشقی بزر کردبوو. بە ترسەوە لە قوژبنێکی ژوورەوە دانیشتبوو، مەشقی لەسەر پەڕە کاغەزێك دەکرد.



Scanned with CamScanner

نەنە سفرەی راخستو ئەشکەنەی هێنا. تێکوشەمان کرد. باوکم هەمیشە یەکەم جار تێکوشەکەی بە دەست باش تێك وەردەدا. پارچە گەورەکانی بە ئەنگوست ورد دەکرد، ئینجا ئێمە بە کەوچك دەمانخوارد.

نەنە شکاتی لە منو لە ئەسغەر کرد. کە گوتی ئەسغەر دەفتەری مەشقی بزر کردووە. باوکم پارووی لە گەرووی عاسێ بوو و ئەکبەر دەستی لە ناو تێکوشە لەرزی. باوکم ئاوی خواردەوەو ئەکبەر هەناسەیەکی پشووی هەڵکێشا. نەنە مەرەکەب دروست کردنی منو لەکەدار بوونی قالیچەیشی بە بابە گوت. بابە بە تی چاو تەماشایەکی قالیچەکەی کردو گوێکانی سوور هەڵگەڕان. نازانم چۆن بوو لێی نەداین، یان خۆی گوتەنی تاپو تۆپی پێ نەکردین! چووبووە ژێری. نەنە هەندێ پارچە نانی لە ناو ئاوی زۆری ئەشکەنە کردو رووی کردە باوکمو گوتی:

- ئەمڕۆ چیت کرد؟ ئیشو کارێکت دەست کەوت؟ بە راست ئەو دوکانەی دەتەویست لە سەید قاسمی بکڕی چی بە سەر هات؟

بابە پەنجەی لە ناو خوێدان را کردو لستییەوەو گوتی:

- ئەمڕۆ چوومە لای سەید وجاغ بۆ ئەوەی کتێبم بۆ بگرێتەوە. مەسەلەکەم پێ گوت: کاغەزێکی دامێو پێی گوتم ئەم شەو دەست نوێژ بشۆمو پێش نووستن، نووسینەکانی سەر کاغەزەکە لەسەر زگم بنووسمو بخەوم. ئەگەر سەیدێکی نوورانی هاتە خەونمو پێی گوتم دوکانەکە بکڕم، ، بۆ بەیانی دەیکڕم.

پاشان رووی کردە نەنەو گوتی:

- راستی نـەختێ پـارەی تـرم پـێ دەوێ. سـبەی کـەلو پـەلی تەقـچکەکان بفرۆشـە. ئـەو سـینییە زیوانـەو ئـەو گومگومـە قەلـەم تراشـانەیش، کـە یادگاری دایکی خوا لێ خۆشبوومە، هەمووی بفرۆشە.

نەنە بە غەمباری تەماشای تەقچکەی کردو گوتی:

- باشە. بەیانی دەیانبەمە لای دەلاڵ. بـەڵام توخـوا ئـەم دوکانـەیش وەکـوو ئەو دەزگای لەحیمە نەبێ کە کرێتو دوو ساڵ برسێتیمان کێشا.

باوکم وەڵامی نەدایەوە. کـە ئەشـکەنە تـەواو بـوو، بابـە دەسـتی بـە بـرۆی داهێنـاو دوعـای کـرد. بابـە دەیگـوت لەبـەر ئـەوەی بـرۆی بنیـادەم سـفرە دەبینێ، دەبێ هەندێ خـواردن بدەینـە ئـەویش. چـونکە لـەو دونیـا لێمـان دەپێچێتەوە. بۆیـە برۆکـانی بـە دەسـت چـەور دەکـرد. کـاتی خـەو، بابـە کاغەزێکی لـە گیرفـانی دەرهێنـاو لەسـەر قەرەوێڵـە، لەسـەر پـشت، راکشاو رووی کردە منو گوتی:

- کورِم، وەرە ئـەم دوعایـە بـە قەلـەم قـامیش لەسـەر زگـم بنووسـە، بـزانم ئەمشەو چ خەونێك دەبینم.

کاغەزەکەم وەرگرت. لەسەری نووسـرا بـوو: (بـسم اللـه الـرحمن الـرحیم). ئـــەوەی تـــری کاغەزەکـــە پـــڕ وشـــەی ســـەیرو ســـەمەرە بـــوو، پـــێم نەخوێندرایەوە. بەڵام زاتم نەکرد بە بابە بڵێم نازانم. قەڵەم قامیـشەکەم لە ناو دوێت را کردو بە زەحمەت دوعاکـەم لەسـەر زگـی پـڕ مـووی بـاوکم روونـووس کـرد. هـەر وەخـت بـوو پـێم بـە شووشـەی مەرەکـەب بکـەوێو پاشماوەکەی برژێ. بەڵام هەر زوو ئاگادار بوومەوە.



Scanned with CamScanner

نەنە سەرنجێکی لە دوعای سەر زگی باوکم داو لە سەرەخۆ گوتی:

- خوایە خۆت کارێکی وا بکەی ئەمشەو، ئەو سەیدە نوورانییە بێتە خەونی ئەو پیاوە. ئەگەر نا، نازانم چارەی ئەم مندالّە رووتو رەجاڵانە چییە؟

باوکم پرخە پرخی لێ هەستا. نەنە بە خەبەر بوو، ئاخی هەڵدەکێشا. من خەوم لێ کەوت. لە خەودا دیم: باوکم لە دوکانێکی بەقاڵی دانیشتبوو عەمامەیەکی سەوزیی لە سەری پێچا بوو. دوکانەکە پڕ نوور بوو. نوورێکی وەکوو روناکی چرای لۆکسی مامە (عەلی بەقاڵ). بە هێواشی خۆم خزاندە ناو دوکانەکە. بابە پێکەنی. چەند دنکە خورمایەکە دامیّ. چاوم بە شووشەیەکی گەورەی سرکە بە هەنگوین کەوت. بابە خەوەکوتکەی دەبرد. بە هەر دوو دەست شووشەکەم بڵند کرد. زۆر گران بوو. سەری شووشەکەم بۆ دەمم برد. لە پڕ لە دەستم خزیو زرینگ... لە خەو راپەڕیم. پیاڵەیەك لە ناو سینی چای لە دەست نەنە بەربووەوە. نەنە لە تەك سەماوەر دانیشتبوو. نەنە گوتەنی سەماوەر بە هەردوو دەست لە سەری خۆی دەداو کەس نەبوو دەستی بگرێ. هەڵم لە هەردوو لای سەمارەکەوە بەرز دەبووەوە.

بابە لە هەمووومان زووتر لە خەو هەستا بوو. کتێبی دوعای دەخوێندەوە. هێشتا کەس زاتی نەکردبوو لێی بپرسێ داخۆ چ خەونێکی دیوە. کە چاکەی خواردەوە، کۆکەیەکی کردو گوتی:

- دویٚ شەو، ئەو سەیدە هاتە خەونم. زۆر بە پەلە بوو. تەنیا سیٚ جار گوتی: بکڕە، بکڕە، بکڕەو ڕۆیشت. بە داخەوە نەمتوانی داوای شتیٚکی لیٚ بکەم. حەیف!

نەنە سەرنجی کەوتە سەر تەقچکە. باوکم هەستا چووە دەرەوە. ئیٚمەیش چووینە قوتابخانە.

☐

دوکانیٚکی بەقالی هەندیٚ نۆك و لۆبیاو شتی تری تیٚدابوو کەوتبووە گەڕەکیٚکی دوور. باوکم لە سبەینیٚ تا ئیٚواریٚ لە دوکان دادەنیشت و شەو بە دەست بەتالی دەگەڕایەوە مالیٚ. هەندیٚ جاریش نەختیٚ شتەکانی دوکانی لەگەلیٚ خۆی دەهیٚنایەوە: ماستی ترشاوو خورمای کرمی و پیوازی رزیوو هەرچی ئیتر نەدەکرا بمیٚنیٚتەوە. ماوەیەك زگی خۆمان پیٚ تیٚر دەکرد.

☐

هاوین، کە قوتابخانە داخرا، من و ئەکبەرو ئەسغەر چووینە دوکانی بابە. بابە ئاروو و گندۆرەو سەوزەیشی دەهیٚنا. کە دەبووە عەسر، هەندیٚ ئارووی لە ناو تەبەقیٚك هەلدەچنی و لە سەر سەری منی دادەنا بۆ ئەوەی بچم بگەڕیٚم و بیفرۆشم. یەکەم جار زۆر شەرمم دەکرد. تەبەقەکەم لە

بەر دەمی خۆم دادەناو لە سووچێکی جادە دادەنیشتمو بە دەنگی لەرزان هاوارم دەکرد:

- هۆی ئارووی قەڵەمی!! ئارووی سەوزو ناسك!! ئارووی تاق بستان. پارەی حەڵاڵ!!

رۆژی یەکەم هیچم نەفرۆشتو چینە لێدانێکم خوارد. پاشان جێگایەکی باشترم پەیدا کردو فرۆشتنم باش بوو. بابە برادەرێکی هەبوو پێمان دەگوت (کاکە عەباس). (کاکە عەباس) کرتۆپەو پیوازی لە کەرێك بار دەکردو بۆ فرۆشتن دەیگێڕا. (کاکە عەباس) کرتۆپەو پیوازەکەی هێناو رووی کردە ناو دوکانی باوکمو کەرەکەیشی فرۆشتو بوو بە هاوبەشی باوکم.

باپیرەیەشم کە بیستییەوە باوکم دوکانی کردۆتەوە، لەگەڵ مامەکانم بە شەڕ هات، بە شەلە شەل هاتو جلو جۆری خۆی لە تەك دوکان پان کردەوە.

بابە گەورە هێشووە ترێیکی بە دەستەوە دەگرتو هاواری دەکرد:

- ئای بابە باخت هەر ئاوەدان بێ ، ئەمە چ ترێیەکە!! ئای کورە، لە دەستم وەرگرن، شەکەتی کردم!! دەستی بەردامەوە!! ئای خەڵکینە، خاوەنەکەی شکستی هێناوە. ئای بابە خودا ماڵی کاوڵ کردووە، ترێی خۆی بەلاش دەدا!! ئای دەستی بەردامەوە!!

خەڵکەکە لەوە بە دواوە ناویان لە بابە گەورە نا (دەستی بەردامەوە).



Scanned with CamScanner

که نیوڕان دادەهات، (کاکە عەباس)و بابە گەورەو باوکمو ئێمە هەر سێکمان یەك تەغار ماستی ترشاومان رادەکێشایە پێش خۆمان. دە دوازدە ئارووی ررزیومان لە ناو تەغارەکە ورد دەکردو پاشان دەمان کردە تێکوشەو دەمانخوارد. بابە گەورە سەرتووی ماستی تازەی دەگرتو برینی پیو قەڵشی دەستی پێ چەور دەکرد.

(کاکە عەباس) دەنگێکی خۆشی هەبوو. دوای فراوین نەختێ گۆرانی دەگوت. باوکم دەچوو لە ناو دوکان دەخەوت. ئەکبەرو ئەسغەر لە بەرامبەر دوکان یارییان دەکردو منیش ئەگەر کرِیار بهاتایە، بە رێم دەکرد.

شەوان، گندۆرەی گەنیوو ئارووی رزیوو تەماتەی کەرِووگرتوومان دەکێشایەوە ماڵێ. دوکان زۆر لە ماڵەوە دوور بوو. شەو درەنگ دەگەیشتینەوە ماڵێ. سەگ دەورەیان دەدایـنو بە شەرِو را کردن لە دەستیان هەڵدەهاتین. هەندێ جار هەرچی لە دەستمان بوایە لە کاڵەكو ئاروو و تەماتە تێمان دەگرتن.

نەنەیش ئیشی بۆ پەیدا ببوو. تەماتەکانی لە ناو مەنجەڵێکی گەورە دەکردو ئاوە تەماتەی دروست دەکرد.

□

رۆژێ، ئەو تەرِەوسەوزەفرۆشەی باوکم تەرِەو سەوزەی لێ دەکرِی، بۆ وەرگرتنی پارەی خۆی هاتە دوکان. کابرا پیاوێکی قەڵەوو سوورو سپی بوو. باوکم، کە چاوی پێ کەوت، رەنگی گۆرِا. ماوەیەك حەفتو هەشتیان کرد.



Scanned with CamScanner

باوکم پارەی نەبوو. لەپڕ جلەوی لە دەست دا. ئەسغەر لە نزیکییەوە بوو. مستێکی لە سەری ئەسغەر کوتاو هاواری کرد:

- منی بەدبەخت دەبێ شەشی وەکوو ئەمانە نان بدەم. ئێستا پارەم نییە. بابە نیمە!! ئاخر ئەوە چ کاڵەکێکە تۆ بۆ منت ناردووە!! هەی ناموسلمان!! هەرچی رزی بێ ئەوە بۆ منە! ئەو تەماتانەت، ئەو ئاروودت، کامەی بڵێم؟!

بە دەم ئەم قسانەوە هەر رایکرد بۆ لای گندۆرەکان و خۆی لە گندۆرەیەك روو کردو بڵندی کرد بۆ سەر سەری و لە جۆگای کەناری جادەی کوتا. ئینجا یەکی ترو یەکی تریش. یەك لەسەر یەك جوێنی دەداو تا دە دوازدە گندۆرەی نەپلیقاندەوە سەر یەك، ئارام نەبووەوە. دەرۆزەکەرو بەرەڵلا کۆبوونەوەو هەژدەر هەژدەر گندۆرەی شکاویان دەخوارد. کابرای تەرەوسەوزەفرۆش بزر بوو.

□

بابە گەورە بەردەوام سەرتووی لە برینەکانی دەداو کەس نەبوو هێشووە ترێیەکانی لە دەست وەربگرێ. بەر دەوام هاواری دەکرد:

- ئای خەڵکینە دەستم بەر بووەوە!! ئای چ ترێیەکە!! ئای زەوقداری پارە حەڵاڵ!!خودا بۆیە چاوی پێ داوی تا شتی چاك و جوانی پێ ببینی!! ئای دەستی بەردامەوە!! خاوەنەکەی ماڵی رماوەو هەرزان فرۆشی کردووە. وەرن بە تاڵانی ببەن!!

□

ڕۆژێ، باوکم زەمبیلێکی دامێ. ناونیشانی بوتل سازێکی دامێو پێی گوتم بچم چەند دانە بوتڵو شووشەیەك بکڕم. شووشەکان، ئەو نەخۆشانەی دەهاتنە شێرو خورشید ، دەیانکڕی بۆ ئەوەی دەرمانی تێ بکەن.

چوومە دوا چوارریان. حەسارێکی لێ بوو. چوومە ژوورەوە. پیرەمێردێك لە ناو گوونی پڕ شووشەی شکاوو بەرمیلە نەفتی ڕەش دانیشتبوو. قژی بژو ڕووی لەڕ بوو. کوورەیەك لە ناوەندی ژووری لرفە لرفی بوو. کابرا کوولەوژێکی ئاسنی درێژی لە کونی کوورەکە ڕا کرد. لەو کونەوە شووشەی سوورو تواوەم بینی. کووڵەوژەکەی باداو دەری هێنا. بە قەدەر یەك گولابی شووشەی تواوە بە سەری کووڵەوژەکەوە نووسا بوو. کابرا بە توندی کووڵەژەکەی با دا. ئینجا دەمی بە قوونکی کووڵەوژەکەوە ناو گوپەکانی پڕ با کرد. کووڵۆژەکەی با داو فووی لە لوولەکە کرد. گولابییەکە گەورە بووو هەڵدەفاو وەکوو گۆیەکی شووشەی لێ هات. ئینجا بنی گۆیەکەی لە سەری شیشەیەکی وەکوو میخ دا لە دارێك کوترا بووو بە فلچەیەك مادەیەکی لە دەوری شیشەکە دا لەو شوێنەی بە شووشەکەوە نووسا بوو. دەنگی چزەچزێکی ێکی لێ بەرز بووەوەو شووشەکە لە شیشەکە جیا بووەوە. چەند بوتلێکی بەم شێوەیە دروست کردو پاشان هات لە تەنیشت من دانیشت. ئارەقەی سڕییەوەو گوتی:

- ڕۆڵە گیان، ئەو زەمانەی ئیتر کەس شووشە لە من ناکڕێ. ئەوەندە شووشەو بوتلی بیانی لەو ناوە کەوتووە، حیساب ناکرێ. ماندووبوونەکە



Scanned with CamScanner

دەرناهێنێ. پلاستیکیش جێگای نوقلدانو قەرابەی گرتۆتەوە. دەمەوێ بچم لە کارخانەی پلاستیك سازی کرێکاری بکەم. بەڵێ کورم. دەترسم قبوولم نەکەن. چونکە پیر بوویم. تەمەنی خۆم لە ناو ئەم کوورەیە بەسەر برد. پەنجا ساڵ تەمەنی خۆم لەم کوورەیە بە سەر برد. پەنجا ساڵ لەم کوورەیە ئارەقەم رشت. نەمزانی چم کردو چم خوارد. لە دە ساڵییەوە ئەمە پیشەم بووە. بەڵێ، گیانەکەم.

پارەکەیم داو رۆیشتم. هەر شووشەیەکم دەفرۆشت، ریالێکم قازانج دەکرد. هەموو رۆژێ، لە دوکانێ زەمبیلم هەڵدەگرتو دەچوومە شێرو خورشیدو تا نیوەرۆ لەوێ دادەنیشتم.

پاش چەند رۆژێك، کورێکی تری هاوزێ خۆم بە زەمبیلێکی پڕ شووشەی بیانییەوە هاتە ئەوێ. ئەو شووشەو بوتلی گەورەو بچووکی کۆ دەکردەوەو دەیشووشتنو دەیهێنان. دەرگەوانەکەی شێرو خورشید کچێکی هەبوو هەموو رۆژێ بە لای ئێمەدا تێدەپەری. رۆژێ ئەو کورە تەشقەڵەی بە کچەکە کرد. کچەکە پێکەنیو هەڵات. کورەکە شووشەی زیاتر دەفرۆشتو کچەکەیشی دەلاواندەوە. خۆم پێ نەگیرا. رۆژی پاشی کارەکەی دووبارە کردەوە. غارم داو بەرۆکی کورەکەم گرت. بوو بە شەڕمان. پێلەقەیەکی لە زەمبیلی شووشەکانم داو فرێی دایە سەر جادە. منیش شووشەکانی ئەوم شکاند. هەردووکمان بە گریان رۆیشتین. لێدانێکیشم بە دەستی باوکم خوارد. ئیتر شووشە فرۆشیم خستە لاوە.



Scanned with CamScanner

ڕۆژێ، پیرەژنێك دەسرۆكێكی دامێ و گوتی:

- ڕۆڵە گیان، ئەم دەسرۆكەم بۆ لە جێیەك دابنێ تا دێمەوە دەیبەم.

دەسرۆكەكەم وەرگرت و لەسەر سەتڵێكی پڕ كەلە قەندم دانا. باوكم لە بازاڕ هاتەوە. كڕیارێك هات داوای قەندی كرد. باوكم كڕیارەكەی بە ڕێ كرد. دوای چەند دەقیقەیەك كڕیارەكە هاتەوەو قەندەكەی هێنایەوەو گوتی:

- بابە ئەوە قەندەكەت تەڕ بووە. بۆچی شتی خراپ بە خەڵك دەفرۆشی؟

بابە تەماشای قەندەكەی كرد. چووە لای سەتلی قەند. ئەو دەسرۆكەی من لەسەرم دانا بوو، لایبرد. بنی دەسرۆكەكە ئاوی لێ دەچۆڕایەوە. پێی گوتم:

- ئەم دەسرۆكە هی كێیە؟

گوتم:

- پیرەژنێك دایمێ بۆ ئەوەی بۆی هەڵبگرم.

دەسرۆكەكەی كردەوە. پڕ هێلكە مریشكی شكاو بوو. لە پڕ باوكم چاوی سوور بوو. بڵندی كردم، لەسەر سەری خۆی دانام و وەكوو كاڵەك لە عەردی كوتام. كڕیارێك لەبەر دەمی دوكان بوو. باوكم پێیەكی لەسەر ورگی من دانابوو و شتیشی دەفرۆشتە كڕیارەكە. من لەو ژێرەوە گریەو دادو هاوارم بوو. بابە گەورە لە دەرەوەی دوكان هاواری دەكرد:

- ئای دەستی بەردامەوە!! ئەم مندالانە دەبێ لێدانێكی باش بخۆن. ئاوها كەلكی نییە. زۆر رووقایم بوونە. ئای خاوەنەكەی دارماوە، باوكم. دەستی بەردامەوە. ئای چ ترێیەكە!



Scanned with CamScanner

(کاکە عەباس) بوو بە ناوبژیکارو گوتی:

- ئاخر دڵی ئەم منداڵەت شەق کرد. چما لێدان ئاوهایە!! هەر کاتێ ویستت لێیان بدەی، بە من بڵێ بۆ ئەوەی قاچیان بگرمو تۆش بە گەسك، یان بە دار لە بنی پێیان بدە. وەکوو قوتابخانە.

ئەکبەرو ئەسغەر لە دەرەوەی دوکان بە ترسەوە سەیری منیان دەکردو دەلەرزین. باوکم، کە کڕیارەکەی بە ڕێ کرد، پێی لە سەر ورگم هەڵگرت. هەموو ئێسکم ژانی دەکرد. ڤیت بوومەوەولە دوکان چوومە دەرەوە.

□

دوکانێکی بەقاڵیی گەورە لە هەوراز دوکانی باوکم کرایەوە. هەموو جۆرە شتێکی تێدا بوو. باوکم گۆتەنی ئێمە فاتیحەمان بۆ لێ درا.

ڕۆژ بە ڕۆژ، ئیشمان خراپتر دەبوو. فرۆشتنمان نەبوو. شتی جۆراوجۆرمان نەبوو. شتێکمان هەبوو، شتێکی ترمان نەبوو. بەڵام دوکانەکەی هەوراز ئێمە هەموو شتێکی هەبوو.

بابە گەورەیش بە ڕاستی دەستی شل ببوو، خۆڕا هاواری دەکرد. (کاکە عەباس) بەشی خۆی لە بابە جیا کردەوەو چوو بوو بە بەردەستی قوتابخانە. بابە ئیتر شتی بۆ دوکانێ نەدەهێنا.

ڕۆژێ، بابە گەورە سەرتوویەکی زۆری لە دەستو پێی خۆی دا. دەستی دایە گالۆکەکەیو رووی کردە باوکمو گوتی:

- باوکە گیان، ئەو سەیدەی لە خەودا دیت، درۆی لەگەڵ کردی. هەڵبەت لە سەیدە باشەکان نەبووە. باشە، ئێستا تۆ خەریکە دادەڕمێیو کەس هیچ لە

تۆ ناكرێ. چاكەت بە زێدە بێ، كورم. هەر كاتێ ئیشێكت بە من بوو، خەبەرم بدێ. ماستی ئەمڕۆش ئیتر ماستێكی باش نییە. برینەكانم هەر هیچ فەرقیان نەكردووە.

بە كوتە كوتی گالۆكەكەی رۆیشت.

باوكم دوكانەكەی فرۆشتو زەرەرێكی تەواوی كرد. دووبارە بێكاری دەستی پێ كردەوەو ماڵ پڕ بوو لە گۆرانی بە سۆزی نەنە.

باوكم ئیتر بە لای سەیدی وجاغدا نەچوو.

* * *



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# گۆشتاوی خۆخ

کە گەیشتینە کۆلانێ، نەنە، کە لە حەوشە، لەسەر حەوز، هیربارى دەشووشت، هاوارى کرد:

- خواردنی خراب نەکڕن ها!! زگتان پێ دێشێ. پارەتان بە خورما، یان شتێکی وا بدەن پێ تێر بن.

شەکەت و خەوالّوو بە رێ کەوتین. تازە زەردەی خۆرەتاو لە لێوی بان و چلەپۆپەی دارچنارانی دەدا. چۆلەکە جریوە جریویان بوو. لە سەر بانە دوورەکان کوللە لە ژێر تیشکی خۆرەتاو دەدرەوشانەوەو چاویان دادەگرت. هەرسێکمان باوێشکمان دەهاتێ. هاوین بوو بەڵام سوورییەکی سارد لە ناخی کۆڵانە رشاوەکانەوە دەهات و بە لەشم دەکەوت. دڵم هەڵدەچوو. سەرمام بوو. هەستم بە تەوەزەلی دەکرد. حەزم دەکرد بگەڕێمەوە ماڵێ و بخەوم. لەبەر تەختەی قورکێشان دەستەکانم بریندار ببوون



Scanned with CamScanner

خاوەنی خانووەکەمان لەو سەری شار خانوویەکی دیکەی ئاوا دەکرد. منو ئەکبەرو ئەسغەر دەچووین ئیشمان بۆ دەکرد. خۆڵمان لە بێژینگ دەدا. کەرپووچو خشتمان بۆ بەر دەستی وەستا دەبرد. بەردمان دەکێشاو بە تەختەی قوڕکێشان سەربێژینگمان بۆ پڕکردنەوەی ناو عەردی ژوورەوە دەکێشا. خاوەن خانوو بەڵێنی دابوو ئاخیری، کە خانووەکە تەواو بوو، یەکەو چاکەتو پانتۆڵمان بۆ بکڕێ.

نەنە هەموو ڕۆژێ پارەی فراوینی دەداینێو ڕەوانەی دەکردین. کە بە ناو بازاڕدا تێدەپەڕین، بە دیتنی سینی پاقلاوەی بامیە قاچمان سست دەبوو. لە تەك سینی بامیەفرۆشەکە دادەنیشتینو هەرچی پارەمان هەبوو بە بامیەمان دەداو دەمانخواردو تا شەو بە برسێتیو بێ پارە دەمانبردە سەر.

نەنە بە دورمان کردن مەسرەفی ماڵەوەی دەردەهێنا. عەزرای خوشکە بچکۆڵەکەیشمان یارمەتی دەدا. بابە چوو بوو باخی بە کرێ گرتبوو. هاوینان ئەمە ئیشی بوو.

عەزرا شەو بە ئاوازی شیرینو منداڵانە بە ئێمەی دەگوت:

- کاتێ فراوین دەخۆین، نەنە دەڵێ:

- ئای خودایە! خۆزگە دوو باڵم هەبوایە، ئێستا دەفڕیمو ئەم ماستو ئاروومە بۆ منداڵەکانم دەبرد. ئاخ! ئێستا لە ناو ئەو خاکو خۆڵە چ دەکەنو چ دەخۆن. خوا بکا هەر نەخۆش نەکەون!

نەنە نەیدەزانی ئێمە هەر ئەو بەیانییە پارە کەمەکەی خۆمان خەرج دەکردو تا دێرگا بۆ پارە دەرهێنان لە هەموو دەرگایەکمان دەدا.

یەکێ لە سەرچاوەی داهاتمان ئەوە بوو تەشتە هەویرمان بۆ نانەواخانە دەبرد. ژنێ هەبوو خۆی هەویری دەکردو دەیبردە نانەواخانە بۆ ئەوەی بۆی بکەنە نانی تایبەتی. ئەکبەر تەشتە هەویرەکەی لە سەر سەری دادەناو بۆی دەبردە نانەواخانەو دوو ریالی وەردەگرت. ئەسغەریش کۆنە کاغەزی لە کۆڵانان کۆ دەکردەوەو بۆ (مامە یووسفی بەقاڵ)ی دەبردو دوو ئەویش ریالی وەردەگرت. رۆژێ، (مامە یووسف)، کە پەڕە کاغەزەکانی ئاوا دەکرد، جیقنە مریشکێکی گەورەی لە ناو کاغەزەکان دۆزییەوەو ئیتر کاغەزی لێ نەکرین.

نیوەڕۆ بە بە شەکەتیو برسێتی دادەنیشتینو خۆمان بەو نانە کەمەی هەمان بوو خەریك دەکرد. (مام عەبدوللا) عەمەلە بوو، هەموو رۆژێ نیوەڕۆ کاڵەکێکی تالیبی دەکڕی.

رۆژێ، دەورەمان لێ دا بوو. تالیبییەکەی شکاندو لێکی کردەوە. تالیبییەکە کرمی بوو. ناوەکەی رەش ببوو. هەموو پێکەنین، (مام عەبدوللا) تووڕە بووو گوتی:

- جارێکی دی تالیبی ناکڕم. بۆچی شتێ بکڕم کە بە چاو باش نەیبینم؟! ها!! ترێ دەکڕم. ئێوەش ئەوەندە پێمەکەنن. مەگەر تا ئێستا تالیبی کرمیتان نەدیوە؟

ئینجا تالیبییەکەی تووڕ هەڵداو ئێمەش هەڵمانگرتەوەو خواردمان.

رۆژێکی تر زۆر برسی بووین. کوڕیژگەیەك پاکەتێکی پڕ خورمای بە دەستەوە بوو، بە کۆڵانێدا دەڕۆیشت. کوڕیژگەکە چاکەتو پانتۆڵێکی



Scanned with CamScanner

کەشخەی لەبەر بوو. پرچی درێژ بوو. خورما ورگی برسی ئێمەی خستە جم‌و جوڵ. بە ئەکبەرم گوت:

- دەتوانی خورمای لە دەست بقاپێنی‌و را بکەی؟

ئەکبەر ئاوی زاری قووت دایەوەو گوتی:

- بەڵێ. بەڵێ، کاکە گیان، هەر ئێستا خۆی تێ دەکەم.

ئەکبەر بە مزیری لە کوڕیژگەکە چووە پێش‌و پرسی:

- کاکە، ماڵی وجاخزادە لە کوێیە؟

کوڕیژگەکە ویستی سەیری دەورو بەریی خۆی بکا، ئەکبەر پاکەتە خورماکەی لە دەست قەپاندو رایکرد. کوڕیژگەکە بە هات‌و هاوار چووەوە ماڵێ‌و دایکی‌و چەند خزمێکی تری هێنا. من لە ترسام دەلەرزیم.

کوڕیژگەکە رووی کردە من‌و گوتی:

- کوڕێکی کراس سوور بوو. لەم ماڵە ئیشی دەکرد. چووە کوێ؟

گوتم:

- نازانم. هەر ناشیناسم.

ئەکبەر، لە دوورەوە لە سیلەی دیوار سەری هەڵدەکێشا بوو. من دەمدی. کوڕیژگەکەو دایکی رۆیشتن. بەڵام ئەکبەر تا رۆژاوا هەر لەو دوورەوە راوەستا . نەیدەوێرا بێتەوە لای ئێمە.

□



Scanned with CamScanner

ئەسـغەر بـاولێکی داری بـچووکی هـەبوو. وەسـتا نـاوی نـا بـوو (بـاولی بەدبەختی) چونکە باولەکە چەند پارچە نـانێکی وشکی تێدا بـوو، ئێمـە هەمیشە لەسەر باولەکە شەڕو هەرامان بوو.

لـە ماڵـەوە بلولەکـەمان پـڕ نـانی شـەوی دەکـردو دەمـانبردە سـەر ئـیش. هەندێ جاریش ئەسـغەر قالۆنـچە، یـان کوللەیـەکی دەگـرتو لـە نـاو باولی بەدبەختی دەنا.

□

شەو، بە لەشی بە خۆڵو بە شەکەتیی دەگەڕاینەوە ماڵێو هەرچی لە سەر سفرە بوو، بە تامەزرۆیی دەمانخوارد. ئەسغەر هێشتا پارووی لـە گـەرووی ئاوا نەببوو، پرخەپرخی لێ هەڵدەستا، نەنە لە سەر دەست بڵندی دەکـردو دەیبردە ناو جێو بە خەفەتەوە گۆرانی بۆ دەگوت:

- ئەی بچکۆڵەی نان پەیداکەرم! پشیلەکەی لەش بە خۆڵم! قوربانی دەستە زبرو قەڵشتووەکانت بم! ئازیزەکەم!

شەو کـە دەنووسـتین، حـەزم دەکـرد قـەت بـە خـەبـەر نـەیـەم. بـەیانی زوو دووبارە هەڵدەستاینو بە ڕێ دەکەوتین.

نیوەڕۆیەك، بە غەمباری لە بن دیوارێکی نیوەکراوی بیناکە دانیشتبووین. هەوا بوغی کردبوو. تامی خۆڵم لە زار دەهات. ئەکبەر چاوی سـوور ببـوو. ژانی دەکرد. پۆقژە گەچێك تەقی بـووو بـە چاوی کـەوتبوو. برسـیو شـڕ



Scanned with CamScanner

بـووین. وەسـتاو عەمەلـەکان لـە نـاو ئـەو ژوودی تـازە سـەریان گرتبوو، دانیشتبوون فراوینیان دەخوارد.

رۆژ لـە تـاقی ئاسمان بـوو. کابرایـەك لـە کۆلانێ پارچـە بـەفرێکی لەسەر رۆژنامەیەك دانا بوو، بە تەنگاوی دەرۆیشت. لە ناکاو ژنێکی عـەبا رەشـم بینی بۆ دەرگای حەوشە دەهات. لە دووردوە ئاماژەی بۆ من کـرد. چوومە لایەوە. نەنـە بـوو. سـوور هەڵگەڕا بـوو. ئارەقـەی بـە دەمو چاودا دەهاتـە خوارێ. ئەم هەموو رێیە!! بە پێیانێ!! دڵم داخورپا.

نەنە عەبای لاداو پریاسکەیەکی لە بن عەبای دەرهێناو دایە منو گوتی:

- ئـەمڕۆ گۆشـتاوی خـۆخم لێنـا بـوو. ئەوەنـدەی کردمـان نـەمانتوانی بـە تەنیا بیخۆین. عەزرام لەماڵەوە جێ هێشتو بەشی ئێوەم هێنا بۆ ئـەوەی بە گەرمی بیخـۆن. گۆشـتاوێکی بـاش دەرچووە، منداڵینـە! نۆشـی گیانتـان بێ.

بـۆنی ئاشـنای ئارەقـەی نەنـە لەگـەڵ بـۆنی خۆشـی گۆشـتاو تێکەڵ ببوو. هۆشی بردم. گوتم:

- نەنە گیان دەستت نەڕزێ.

ئەکبەرو ئەسغەریش زانیانو هاتن. نەنـە روومـەتی بـە تـۆزو خـۆڵی ماچ کردنو کە چاوی سووری ئەکبـەری دی، شـەپێکی لـە روومـەتی خـۆی داو فرمێسکی لە چاو قەتیس ماو رۆیشت.

پریاسکەکەمان هێنا. قاپەکەی سەرەوەمان خستە لاوە کە گۆشتی کوتراوی تێدا بوو. نانمان لە بنی کاسەکە کوشی. ئەسغەر پارووە گۆشتێکی کوتراوی خوارد. ئەکبەر مستێکی لە سەری داو گوتی:

- دەبێ یەکەم جار گۆشتاوەکە بخۆین. بۆ وا زوو دەستت درێژ کرد؟ تا ئێستا کەس دەستی بۆ بردووە، تۆ دەستی بۆ دەبەی؟!

ئەسغەر فرمێسکی هاتە خوارەوەو بە سەر گۆنا خۆڵاوییەکانیدا ڕێچکەی بەست کە لەبەر پاروو هەڵدەفا بوون. نارەحەت بووم‌و مستێکم لە سنگی ئەکبەر دا. ئەکبەر پێلەقەیەکی لە جامی گۆشتاوەکە داو فرێی دایە حەوشە. دەم‌و چاوم سوور هەڵگەڕاو خۆیشم نەمزانی چیم کرد! دەستم بردە ناو گۆشتی کوتراوو چەنگم لێداو فڕێم دایە ناو خاك‌و خۆڵ. هەر سێکمان دەستمان بە گریان کرد. وەستا لە (مام یەدوللا)ی پرسی:

- ئەوە ئەم مندالانە چییانە؟ بۆچی ئەمڕۆ وەکوو سەگ‌و پشیلە بەربوونەتە گیانی یەکتر.

(مام یەدوللا) وەڵامی دایەوە:

- نازانم. لە وانەیە لەسەر میراتی باوکیان بە شەڕ بێن. لەوانەیشە باولی بەدبەختییان کردبێتەوە.

چاوەکانم بە سەرقۆڵم پاك کردەوە. بێژینگم هەڵگرت‌و چوومە لای قۆپەنە خۆڵەکان.

★ ★ ★

هاوینی ١٣٥٣



Scanned with CamScanner

# ڕۆژێــــــك

- هەستە کوڕم، ڕۆژ بڵندە. هەستە باوکم بە سەدەقەت بێ.

سەرم لە بن لێفە هێنایە دەرەوە. تیشکی ڕۆژ لە چاوی دام. سەرم بردەوە بن لێفە. دووبارە دەنگی میهرەبانی دایکم هاتە بەر گوێم:

- مەگەر ناتەوێ بچیتە سەر کارت؟! برام. مەگەر ناتەوێ ساڵی دادێ بچیتە قوتابخانە. پارەی ناونووسینت دەوێ. پارەی کتێبو کاغەزت دەوێ. پارەی شمەكو پێڵاو. هەستە بەلاگێڕت بم. یەللا برای نازدارم. بۆ هەڵناسی؟

لە ژێر لێفە چاوم کردەوە. ڕووناکی لە پشت کۆنە لێفەکەوە پارچە پارچە ببوو. وەکوو ئەستێرەی شەوی تاریك. هەتاو بە شوێنە ڕزیوەکانی لێفەکەدا، کە لۆکەی تێدا نەمابوو، دەهاتو لە چاوی دەدام. چمکی لێفەکەم لابردو ئەستێرەکانی ژێر لێفەکەم کوژاندەوە.



Scanned with CamScanner

حەوشە پڕ ببوو لە جووکە جوکی چۆلەکەو خوڕە خوڕی ئاوی حەوزو دەنگی قورئان خوێندنی (مام عەلی) دراوسێمانو بۆنی ڕەژووو دوونگی قرچاوە. دایکم چەند هەنگاوێ بەولاوە، لە هەیوان دانیشتبوو. لایەکی سەماوەری تەنەکە بووو لاکەی تری مەقەڵەی ئاگرو ئەو جامە بوو کە جزە جزی دونگی قرچاوەی لێ دەهات. چارشێوی بە سەرەوە بوو چەپکە قژێکی لە خەنەگیراوی بە دەرەوە بوو. ڕەنگی وەکوو ڕەنگی نانی هەڵاتووو نانی شەوی وا بوو. بە چمکی چارشێوەکەی چاوی دەسڕییەوە کە لەبەر دووکەڵ پڕ فرمێشك ببوو.

سەرم وەرسوڕاند. سەیری ئاسمانم کرد. دارچناریماڵی دراوسێکەمان لە سەر دیواری قوڕی پڕ پەڵەو پیس، سەری هەڵکێشا بوو. تازە هەتاو چلەپۆپەی زەرد کردبوو. دەق وەکوو کەزی دایکم کە لە چارشێوی پینەپینەی هاتبووە دەرێ.

خۆم وەرگێرا. سەیری دایکمم کرد لە پشت ئەو هەڵمەی لە سەماوەر هەڵدەستاو بەرز دەبووەوە ئاسمان دانیشتبوو و بە وریایی ئەنگوستی بە ئاوی زاری تەڕ دەکردو بە سفرەی دادەهێناو ئەو دانە شەکرانەی لەسەر زەوی ڕژابوون هەڵیدەگرتنەوەو دەیخواردن. کاغەزی وەکوو کۆفکی بەتاڵی شەکرو چای لە تەك سفرە کەوتبوو. پارچە نانێکی بەردی تازە لە ناو نانی شەوی لەسەر سفرە بوو. دایکم پریاسکە ئاردێکی لە تەك بوو. دەیەویست (بەژی) بە دۆنی دوونگو شەکرو ئارد دروست بکا . بەژی



Scanned with CamScanner

جۆره کولیجەیەکی کرماشانی بوو. بۆ ئەوەی ئەکبەری برا گچکەم بیبا لە کۆلان بیفرۆشێ.

دایکم سەرنجی لە جل‌وجۆڕو نوێنی من داو لە هەمان کاتدا پارچەیەکی لە نانی بەردی تازە کردەوەو لە دەمی ناو بە دەنگێکی بەرزتر گازی کرد:

- بۆ هەڵناسی ئازیزەکەم، گیانەکەم؟! بلێ یا عەلی! ئەمرۆ یەکەم رۆژی پشووی هاوینە. ئێستا مەیدانی کرێکاران قەرەباڵغە. باشە ئەگەر ئیشت دەست نەکەوێ، چ دەکەی؟ ها! ناتەوێ ساڵێکی دی بچیتە قوتابخانە؟ یاللا. یاللا براکەم. ئەم ساڵ دەچیتە پۆلی نۆ، مەسرەفی گرانترە. یاللا، هاوینە، وەرزی نانە.

هەستا. هات‌و لێفەی لە سەرم راکێشا. هەستامەوە. چاوم هەڵگلۆفت. چوومە سەر لێوی حەوزو دەست‌و دەم‌و چاوی خۆم شووشت‌و چووم لە تەک دایکم دانیشتم. دووچای بۆ من‌و بۆ خۆی تێکردو پارچە نانێکی تازەی لە بەردەمم دانا. پێم گوت:

- خۆیشت ئەم نانە تازەیە بخۆ.

دایکم گوتی:

- نا، نا. نانی شەوی بە چای بە تامە. تۆ نانە تازەکە بخۆ بۆ ئەوەی بەری دڵت بگرێ‌و تا نیوەڕۆ برسیت نەبێ. من حەز لە نانی تازە ناکەم.

کە من چاکەمم خواردەوە، هەندێ نانی لە پریاسکەیەك پێچا. پریاسکە نانەکەم هەڵگرت.



Scanned with CamScanner

سەرنجێکم لە هەیوانێ دا. هەر دوو براو خوشکم خەوتبوون. باوکم جێی چۆل بوو. دایکم هەستی بە سەرنجدانی من کردو گوتی:

ـ باوکت سبەینێ زوو چووە باخ. تا سێ چوار مانگی تر نایبینینەوە.

هیچ قسەم نەکرد. بە رێ کەوتم. کە گەیشتمە کۆلانێ، گوێم لە دەنگی دایکم بوو:

ـ فاتمە، هەستە. جووتە پێلاوێکت هەیە دەبێ ئەمڕۆ تەواوی بکەی. یاللا! ئەکبەر، ئەسغەر، یاللا، هەستن یاللا!

□

کە گەیشتمە مەیدان، تازە خۆر هەلاتبوو. مەیدان پڕ بوو لە وەستاو شاگردو کرێکار. جگەرەیان دەکێشاو قسەیان دەکرد. سوحبەتیان دەکردو هەندێ جار دەستەو یەخەی یەکتر دەبوون و بەبێ بەزەیی سەرو دەمو چاوی یەکتریان بریندار دەکرد.

بە پارێزو بە ئارامی لەولایانەوە وەستام. یەکێکیان خۆی خوراند، دەستی بردە بن هەنگڵی‌و هێنایە دەرەوە. شتێکی لە بەینی دوو ئەنگوست دا بوو، بە زانایی‌و بێ ئەوەی سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی رابکێشێ، سەیری کرد. نەختێ پەشۆکا. بەڵام هەر زوو شتەکەی لە ناو تووتنی جگەرەکەی ناو جگەرەکەی پێچا. شخارتەی لێدا. سەری جگەرەکە پڵقەیەکی کردو تەقییەوە. کابرا رووی بە خەندەیەکی داچۆڕاو کرایەوەو شادییەکی منداڵانە لە دەمو چاوی برووسکەی داو لە بن لێوەوە گوتی:

بەدکاری بەدمەزەب، هەرچی خوێنم هەبوو هەمووی خواردووە.



Scanned with CamScanner

بە هەنگاوی لەرزان، بە شەرمنیو ناشیانە چوومە قوژبنێكو كزۆڵەم كرد.
جاران باوكم منی لای (وەستا حوسێن)ی بیناساز دادەنا. بەڵام زستانی بووری كە (وەستا حوسێن) بە نەخۆشی وەرەم مرد، تووشی نارەحەتیو نیگەرانیو دڕدۆنگی هاتم. لای كێ ئیش بكەم؟ پاشان لە دوو سێ هاوپۆلی خۆمم بیست، كە وەكوو من شاگرد بینا بوون، گوایە كاری قۆناغی دوای هەیكەڵ ئاسانترە. ناونیشانی مەیدانی كرێكارانیان پێدام.

□

كابرایەك لەسەر پیادەڕۆی مەیدانەكە دەبدەبەی دەفرۆشت. دارێكی درێژی بە دەستەوە بوو. دەبدەبەكی سوورو دووی سەوزی بە سەری دارەكەوە كردبوو. سوورەكەی زۆر پڕ با كردبوو و سەوزەكان پووچو بێ با بوون.

كابرا هاواری دەكرد:

هۆی گونی شەیتان... هۆی گونی شەیتان!

دوو سێ كەس پێكەنینو یەكێ گوتی:

هەرچی با هەیە لەو سوورەی كردووە.

گەنجێكی لەڕو لاواز لە تەك سەبەتەی زبڵ دانیشتبوو بە دەنگێكی ناسك گوتی:

دەڵێی ورگی حەبیب بەرمیلە!

پیرەمێردێ دەتگوت دەمی پڕ ئاردنۆكە بە دەنگێكی نزم گوتی:

ئەم سەوزانە وەكوو ورگی ئێمەمانان وان.



Scanned with CamScanner

دەبدەبەفرۆشەکە دوور کەوتەوە.

لەو کاتەدا، کابرایەکی قەڵەو بە نقەنقو ئارەق رشتن لە دووردوە هات. کرێکارەکان ناسییان. (حاجی حەبیب) بوو. ناویان نابوو حەبیب بەرمیل. زنجیری زێڕی سەعاتی لەسەر ورگی زلی یاری دەکرد. دەمو چاوی خڕو بریقەداربوو. وەکوو دەبدەبەیەکی پڕ با دەهەژایەوە. هەموو رۆژێ، خۆی بۆ بردنی کرێکاری بە وەجو ئیشکەر دەهات.

کرێکارەکان دەورەیان لێدا. حاجی سێ نەفەری لێ جیا کردنەوە. کرێکارێکی سمێڵ ئەستووری دەمو چاو پڕ برین پێی گوتم:

حاجی بە قەدەر پێنج کەس دەخوا. دەبینی چ ورگێکی هەیە؟! پێکەنیمو قسەی مامۆستای ئەدەبیاتی خۆمانم بیر کەوتەوە:

- ئەمانە قەڵەوییان لە لاوازیی خەڵك دایە!

کرێکارەکان دووبارە هێرشیان بۆ لای حاجی حەبیب برد. دوو کەس خۆیان پێك داداو یەکێکیان زمانی گیرا. کڵاوی لەسەر سەر پەڕیو کەوتە ژێرپێی ئەوانەی بۆ کار دەوری حاجیان دابوو. بە تەکانێك هەستایەوەو بەرۆکی کرێکارەکەی تەنیشتە خۆی گرتو مستێکی لە لووتی دا. کابرا لووتی دارساو ئەویش بە یەك پەلامار قۆڵی چاکەتی رزیوی نەیارەکەی لە بنەوە دەر هێنا. کابرای بێ قۆڵ وردە وردە کشایەوە دواوەو ویستی را بکات. بەڵام راوەستا. ئەوەی قۆڵەکەی لە ناو دەست بوو و سمێڵی هەمووی خوێن بوو دەستێکی بە لووتی خۆی داهێناو سەیری کرد. کە چاوی بە خوێن کەوت، بە هەموو گیانی حۆیەوە، لە ناخی دڵەوە هاواری کرد:



Scanned with CamScanner

ئای ئاجا...ن، ئای هاوا...ڕ!!!

قۆڵەکەی فڕێ داو بەرەو جادە پێی بە غارەوە نا.

کابرای بێ قۆڵ ڕەنگی پەڕی. حەشیمەتێك دەورەیان دا بوو. غرووری ڕێی پێ نەدەدا ڕا بکات. لەوانەیشە بیرێکی بە مێشکدا هاتبێ. بە هێواشی چووە لایەکی گۆڕەپانەکەو چەند مستێکی توندی لە لووتی خۆی کوتاو فنی کرد. بەڵام ئەوەی دەیەویست لە لووتی نەهات. وەکوو قیمەکێش لە پیواز بدەن، توند لە لووتی خۆی داو فنی کرد. دیسان هیچ نەبوو. کریکارو ڕێدار دەورەیان دابوو، چاوەڕێیان دەکرد. چاویان بڕیبووە ناو کونە لوتەکانی.

هەر یەکە قسەیەکی دەکرد:

- بەدبەخت دەڵێی خوێنی تێدا نییە. ڕەگەکانی پڕ چڵمە.

ئەوەی ئەسپێی لە ناو جگەرەی نا بوو گوتی:

- بۆچی؟ چما ئەسپێ خوێنی بنیادەم دێلێ؟

یەکێکی تر گوتی:

- توندتر لێدە! وەکوو لە قەپۆزی کابرات دا.

یەکێ وەڵامی دایەوە:

- ئاخر ئەو لووتی خەڵك بوو، ئەمە لووتی خۆیەتی.

پیرەمێردێك ئاوی نەباتی دەمژی، چەفیەیەکی لە سەری بەستبوو گوتی: بیسمیللا. بە مەولای دین عەلی من تا ئێستا لووتی وا قورسم نەدیوەو نەبیستووە.

چایچییەك چای دارچینی دەفرۆشت، سفرەی لەسەر زەوی راخستبووو تەماشای دەکرد، گوتی:

- لووتی فیلە!!

پیرەمێردێکی عەینەك لە چاو، دوکانی بەقاڵیی لە کن مەیدانەکە بوو، لەوێ وەستا بوو: وەك ئەوەی ئەو چایچییەی چای دارچینی دەفرۆشت کفری کردبێ، لە ژێر عەینەك تەماشای کردو گوتی:

- ئەگەر لووتی فیلیش بایە ئێستا داغان ببوو. هەستو هۆشت لە کوێیە (مامە نەسرەت)؟

ئاخیری کابرا چەند دڵۆپە خوێنێکی لە لووت هات. خوێنەکەی لە دەمو چاوی خۆی هەڵسوی. پاسەوان لە دوورەوە دەرکەوت.

□

هێشتا لە بن دیوار راوەستا بووم. هەر کاتێ کۆمەڵێك رایاندەکردە لای وەستایێ، یان خاوەن کارێ، منیش رامدەکرد بە دوایانەوە. بەڵام کەم رێگای منیان دەدا. دووبارە دەگەڕامەوە جێی خۆم. ئەوانەی کاریان دەست نەکەوتبوو لە قوژبنێك دانیشتبوون، قومیان لە جگەرە دەداو روخساری غەمگینیان لە پشت گەواڵە دووکەڵێك بزر دەبوو.

مەیدانەکەو شەقامەکانی دەورو بەری قەرەبالغ بوون. خەڵك دەهاتنو دەچوون. ژن بۆ شت کڕین. بێ کار بۆ راوێچکە کردن. کچو کوڕ بە جلو بەرگی نوێو خاوێن بە ناو حەشیمەتەکەدا دەگەڕان. سەلامیان لە یەکتر



Scanned with CamScanner

دەکرد. چاویان دادەگرت. نرخی شتەکانیان دەپرسی. پێدەکەنین و سەریان لەبەر سەری یەکتر دەنا. دەچوونە لای دۆندرمەفرۆشی سەری مەیدانێ، پاقلاوەو شەربەتیان بە نیوەچڵی جێ دەهێشت و دەهاتنە دەرەوە. شادو گوشادو بێ ترسی ئایندە! دوور لە غەمی پارەی ناونووسین و کتێب و کاغەزو لە هەموویش گرنگتر، غەمی نان.

کوڕێك و کچێك دەست لە ناو دەست بە تەنیشتمدا تیپەڕین. چاویان بە پەڵە خوێنەکانی سەر پیادەڕۆکە کەوت. کچەکە گوتی:

ئۆی !! ئەوە چییە؟ ئای پیسینە...!!

کوڕە وەلامی دایەوە:

- هیچ نییە. بەم لایەدا وەرە. هەڵبەت ئەم کرێکارانە مریشکیان بۆ یەکێ سەربڕیوە!

کوڕە تا سەر ناوك، زی کرابووەوە. زریزەیەکی ئەستووری لە مل بوو. ماسوولکەکانی سمتی لە ناو پانتۆڵی تەسك و تریسکی دەرپەڕی بوو. کچەکەیش پانتۆلێکی تەسکی لەبەر بوو، قژی کورت بوو. نیشانەیەکی بەسەر سنگییەوە کردبوو، سێگۆشەیەك بوو موۆرووە کەرانەیەکی لە ناوەڕاست بوو. من ئەم جۆرە شتەم لە ملی مانگای (پوورە جەیران)ی دراوسێی ماڵ بە ماڵمانەوە دی بوو. بۆ چرکەساتێك هەموو شتێکم لە بیر چووەوە. تووشی حاڵەتێك بووم. هەستێ بوو لە نێوان رق و خۆشەویستی. خۆم وەکوو کوڕەکە دەهاتە بەرچاو. دەستی کچەکەم گرتبوو بە دەوری

مەیدانەکەدا دەسووڕامەوە. دەفڕیم. بەڵام دەنگی ناسیاویکم کەوتە بەر گوێ. دەنگی مامۆستای میهرەبانم:

(ئەم ڕۆژگارە، شێوازی جل لە دەست کۆمەڵی منداڵبازدایە. لە دەست کۆمەڵێ هاورەگەزخوازدایە. ئەوەتا دەبینن. جلی کوڕان لەبەر کچاندایەو جلی کچان لەبەر کوڕان دەکەن... هەڵبەت لە پۆلی ئێوە هی وا هەیەمەسرەفی یەک ڕۆژی بە قەدەر مەسرەفی یەک مانگی خێزانێکی ترە...و...)

مامۆستایەکی چەند باش بوو!! قسەکانی لە دڵەوە دەهاتە دەرێ. پڕ جۆش و خرۆش!! قسەکانی دەتگوت بڵێسەی ئاگری ڕۆحییەتی. دەسووتاو ڕوناکی دەدا، بۆیە دەکەوتە بەر دڵ. هەمیشە کتێبی بە دیاری دەدایە ئەوکەسانەی تێدەکۆشان و پێش دەکەوتن. لەو کتێبە چاکانەی خۆی هەڵیدەبژاردن.

من دوو جار ئەو کتێبانەم وەرگرت.

نیوەی ساڵ بزر بوو. لە پۆلەکەی ئێمە بوو کە بانگیان کرد. ڕۆیشت و ئیتر نەماندیتەوە. مامۆستایەکی تر لە جێی ئەو هات. لە پشت مێز دادەنیشت و دوای ئەوەی یەک کەس دارشتنی دەخوێندەوە. سەری وەژان دەهات. چاوەدێری بۆ حەبی ژانەسەر دەنارد و خۆی خەوەکوتکەی دەبرد. پۆل کپ و ئارام بێ جووڵە و بێ ژیان دەبوو. کەسیش هەقی بە سەرییەوە نەبوو. سەری مانگ مووچەی خۆی وەردەگرت. چەند جار لە ژێر مێز



Scanned with CamScanner

دەیژمارد. هەندێ جاریش پارچە نانێکی وشکی بە یاخەی چاکەتییەوە دیار بوو.

لە گۆشەیەکی مەیدان دانیشتبووم. چاوەڕێی یەکێکم دەکرد بێ بۆ ئیش بمبا. هەستم دەکرد مامۆستای پێشووم چەند خۆش دەویست. چۆن وەکوو ئەستێرەیەکی راخوشیو لە ئاسمانی تاریکی ژیانی منو هاوپۆلەکانی وەکوو خۆم دەرکەوتو رۆیشتو بزر بوو. لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

( هەرچی بە سەری هات، بە سەری هاتو تەواو بوو. بەلام ئایا دەتوانن خۆشەویستی ئەو لە دڵی منو قسە پڕ میهرو خۆشەکانی لە سەرم دەربێنن؟ نا. نا! بەلام. بەڵێ، با !! ئەگەر دڵو مێشکم دەربێننو فڕێی دەنە سەر قیرِی جادەو بە پێ بیپلقێننەوە. ئیتر کاتێ گەسکدەری پیر ئەو پارچانە لەگەڵ زبڵ لە گۆشەی مەیدان کۆ دەکاتەوەو دەیرپێژێتە ژێر ئەو دار تووەو دارەکە میوە دەداو باڵندە دەیخۆن. هەر باڵندەیێ لەسەر هەر درەختێکو لە هەر ماڵێك، ئاوازی مامۆستا دووبارە دەکاتەوە).

جۆشم گرتبوو، ئاگام لە خۆم نەما بوو، لە ناکاو گۆشەیەکی مەیدانم بینی. (شەهریار)م بینی. (شەهریار) یەکێ بوو لە هاوپۆلەکانم، بەرەو لام دەهات. لووسکەو زمانشڕ بوو. لە شار لە دایك ببوو. ئەگەر منی بدیبایە، لە قوتابخانە وازی لێ نەدەهێنام. هەزار جۆرە قسەی دەردەهێناو نوکتەی دەکرد. خێرا خۆم لە پشت کرێکارێك شاردەوە کە هەستابووەوە چاکەتەکەی دادەوەشاند بۆ ئەوەی بڕوا. بە دڵم داهات: (ئەگەر بمبینێ ئیتر نابێ بچمەوە ئەو قوتابخانەیە.)

(شەهریار) كراسێكی تۆڕی سپی لە بەر بوو، لەشی تێدا دیار بوو، نزیك كەوتەوە. هێشتا منی نەدیبوو. كرێكارەكە خەریك بوو بڕوا. منیش تەنیش بە تەنیشی رۆیشتمو دوور لە چاوی (شەهریار) گەیشتمە ئەوبەری شەقامەكە. ویستی بێتە سەر پیادەڕۆ، لە پڕ تەكسییەك لە تەنیشتی ئیستاپی گرت. لیخوڕەكە سمێڵ بابڕ بوو، سەری لە تاكسی هێنایەوە دەرەوەو بە دەنگێكی روونو بڵندی تێكەڵ بە زاری كوردی، هاواری كرد:

( شووووو دەكەی ئازیز گیان!!)و پێی لە بەنزین نا.

منیش بە پەلە خۆم بە كۆڵانێكدا كرد.

□

سەعات دەوری دە بوو. بە پەرێشانی لە بن دیوار دانیشتبووم. گریانم دەهات. باشە، ئەگەر ئیش نەبوو؟ ئەگەر بە دەست بە تاڵی گەڕامەوە ماڵێ؟ ئەگەر رۆژەكانی تریش هەر بەو جۆرە بوو؟

لەم بیرانەدا بووم، دەستێكم بە شانی كەوت. قیت بوومەوە. وەستایەكی بینا لە بەردەمم وەستا بوو. لەڕو رەنگ بزڕكاو! گەچی لە بن نینۆكەكان نیشتبوو. بەدلەیەكی لەبەر بوو پڕ پەڵی گەورەو بچووكی شەربەتی گەچ بوو. سەر ئەژنۆی چەپەی تابلۆیەكی بە پشكە شەربەتی گەچ لەسەر دروستت ببوو. وەكوو نیگاری نوێی ئەم زەمانە. دەستێكی زەرد لە چوارچێوەی پینەی سەر چۆكی هاتبووە دەرێ داوای یارمەتی دەكرد.



Scanned with CamScanner

دەستەکە وەکوو دەستی وەستاکە خۆی وا بوو. لەڕو ئەنگوست درێژ. دوو سێ پەڵەی  وەکوو کۆتر لە قەراخی پانتۆڵی کابرا لە ئاسۆی سووری پینەی سەر چۆکیدا، دەفڕین. سەرم دانەواندبوو. بۆ یەك چرکەسات ئەم وێنانەم بەبەر چاودا تێپەڕی. دەنگی کۆخەی وەەستا بەرز بووەوەو گوتی:

- کوڕەکە ناوت چییە؟

- عەلی ئەشرەف.

- بێ کاری؟

- بەڵێ.

- منداڵی قوتابخانەی؟

- بەڵێ.

- پۆلی چەندی؟

- دەچمە پۆلی نۆ.

- ئیش دەزانی؟ لێدانی شەربەتی گەچ ؟

خووزی زارم قوت دایەوەو بە دوو دڵی گوتم:

- بە...بەڵێ دەزانم بە خودا.

وەستا بە سەرسامی گوتی:

- ئەی بۆچی سوێند دەخۆی؟

پیاوێکی بە ئەدەب بوو. هەڵس و کەوتی هیچ بە کارەکەی نەدەچوو. دەسەسرێکی بە دەستەوە بوو ئارەقەی دەم و چاوی دەسڕییەوە. دەتگوت



Scanned with CamScanner

رایکردووه. توورەگەی وەستایی‌و هێلەگ‌و راستەم لە دەست وەرگرت. بە شانم داداو کەوتمە شوێنییەوە.

کە بە دوایدا دەڕۆیشتم، مامۆستای خۆشنووسیم بیر کەوتەوە. لە ڕێگا، وەستا پرسی:

- تۆ کوڕی کێی؟

- کوڕی (مەش سەیفوللا)م.

- (سەیفوللا) کامەیە؟ (سەیفوللا) درێژ؟

- نا. درێژ نییە. کرێکارە. دەچێتە باخ. زستانانیش ئاسنگری دەکا.

- بەخوا نایناسم.

دوای چەند هەنگاوێك، وەستا دووبارە پرسی:

- ماڵتان لە کوێیە؟

- لە تەویلەیە.

هەردووکمان بێدەنگ بووین.لە سیلەی کۆڵانێك تێپەڕین. کەرێ بە دوو مەشکە دۆوە بە ناوەندی کۆڵانەکەدا دەڕۆیشت.کوردێکی لادێی بە دواوە بوو، بانگی رادەهێشت:

- ها...ی دۆ، های دۆ!!!

چەند منداڵێکی شاری لەو سەری کۆڵانێ هاواریان کرد:

- (ئای، دۆیی، باوگتە کونا روی!!!) هۆی دۆفرۆش، باوکت لە کونە ڕێوی!!

دۆفرۆش سەخڵەت بوو. بە زنجیر کەوتە گیانی کەرەکەی‌و ڕۆیشت.

□



Scanned with CamScanner

وەستا گوتی: ( یاللا)و چووینە ناو خانوویەك. خانوویەكی گەورە بوو. دەیانەویست عەنبار شەربەت بكەن. بینایەكی سێ نهۆم لە لایەكەی تری حەوشەو لە بەرامبەر عەنبارەكە هەبوو. پەنجەرەیەكی نهۆمی دووەم كرابووەوە. مرۆیەكی شەگال لەسەر قەرەوێڵەی تەك پەنجەرە دانیشتبوو سەیری دەرەوەی دەكرد. بە خەواڵوویی شتێكی لە بوتڵی تەك پەنجەرەكە خواردەوەو دووبارە راكشایەوە.

كارەكەری ماڵەو هات. ژنێكی قەڵەوی مەمك وەك مەشكە. دەستەكانی لەبەر زۆر ئیش كردن وەكوو دوو دانە چەوەندەر سوور ببوون. عەنباری نیشان داین‌و رۆیشت. هەندێ گەچ لە گۆشەیەكی عەنبارەكە روو كرابوو. وەستا گوتی:

- ئەشرەف دەزانی شەربەتی گەچ بگریتەوە؟

بەڵێ... بەڵێ دەزانم.

باشە، باشە، تۆ ئەم گەچە لە هێلەگ بدەو شەربەت بگرەوە تا من دەچم پارە لەو ژنە وەردەگرم‌و خوڵی سپی‌و چرك لە بازاڕ دەكڕم.

گوتم:

- باشە، وەستا.

وەستا رۆیشت. گەچەكەم لە هێلەگ داو لە ناو تەشتێكی گەورەم كردو ئاوم بەسەردا كرد. ئەمە یەكەم جار بوو ئەو هەموو گەچەم دەگرتەوە. گەچەكەم تێك وەردا. گەچەكە خۆی گرت‌و توند بوو. بازووەكانم ماندوو بوون. ماسوولكەكانم شل بوون. گەچەگە بە تەنیشتەكانی تەشتەكەوە

دەنووساو لێ نەدەبووەوە. لە پڕ دڵم داخورپا. ترسام. بە توندی گەچی توندی بنی تەشتەکەم لێ کردەوەو گۆشەی نینۆکی ئەگوستی بچووکم شکا. دووبارە بە هەموو هێزی خۆمەوە گەچەکەم تێك هەڵشێلا. لێوی تیژی تەشتەکە زەندەی بڕیم. خوێن بە سەر گەچی سپیدا ڕژا. ناو شانەکانم دەئێشاو ئێشەکەی دەچووە خوارەوە بۆ پشتم‌و برووسکەی دەهاویشت. دڵم خێرا خێرا لێی دەدا. لە پەنجەرەی عەنبارەکەوە چاوم بە دەرەوە کەوت. کابرا دووبارە هەستا بووەوە. شتێکی لە بوتلەکە خواردەوە کە ناوێکی بیانی لە سەر بوو. ورگی سپی‌و وەکو دوونگ لە ژێر جلی نووستن دیار بوو. دووبارە ڕاکشایەوە. هەستم کرد لەشم سست دەبێ. تانەم لە خۆم دا. لە پڕ بیرێکم بە مێشکدا هات. تخم لێ کردو یەك ستڵە ئاوم لە ناو تەشتەکە کردو خێرا خێرا گەچەکەم تێك وەردا. دەم‌و چاوم هەمووی دڵۆپە ئارەقە بوو. برۆم تەڕببووو ئارەقەم دەچووەوە ناو چاو. لالێوم پڕ بوو لە ئارەقەی ساردو سوێر. زمانم وەکوو تەختەدار وشك ببوو. دڵۆپەی ئارەقە لە سەر لێومەوە دەچکاو دەڕژایە ناو زارم. دیسان گەچەکەم تێك وەردا. گەچەکە شل‌و نەرم بووەوە. بەڵام گرمتی گچکەو ڕەقی تێدا مابوو، هەرچی دەمکرد ساف نەدەبوو.لە بن دەستم دەخزین. ئاخیریش گەچەکە هەر ساف نەبوو.

□



Scanned with CamScanner

وەستا لە بازاڕ هاتەوە. پاکەتی چرکو خۆڵی سپی لە لایەك دانا. من شەلالی ئارەقە ببووم. سەرم دانەواند بوو. رووی تێکردمو بە شەکەتیی لێی پرسیم:

- گرتتەوە؟

- بەڵێ! بەڵێ!

وەستا دەستی لە ناو گەچی گیراوە راکردو هێنایە دەرێ. لە سەرسامییان، چاوی زەق بووەوە. رووی کردە منو گوتی:

- ئەشرەف!! ئەشرەف!! تۆ گوتت دەزانم!! ئەمە هەمووی تۆپەڵ تۆپەڵ بووە. هەی مەزەبت سووتێ ! بێ دین!!

بەڵام بە پێچەوانەی وەستا حوسێن، لێی نەدام. ئەگەر وەستا حوسێن بوایە، هەڵبەت دوو سێ مستەکۆڵەی لە دەمو چاوم دەدا. رەنگە لە چاوی تۆقاوو شەرمنم خەجاڵەت بووبێ! سەرم دانەواند. نێوچەوانم ئارەقەی لێ نیشتبوو. ئارەقەی شەرمەزاری!.

□

وەستا، تا نیوەڕۆ، تۆپەڵە ساف نەبووەکانی گەچەکەی بژار کردو خۆڵی سپی خووسان. منیش یارمەتیم دا. چرکەکەی هەموو لە ناو ئاو تواندەوەو لە ناو گەچە گیراوەکەی کردو بە گەسك تێکی وەردا. گیراوەکەمان پارزنیو شەربەتی گەچمان ئامادە کرد.



Scanned with CamScanner

بۆنی قاورمەی سەوزەو بۆنی خۆشی تر، کە نەمدەزانی چییە، لە ناندینی ئەو سەری حەوشەوە دەهاتو دەکەوتە بەر لووتم. کابرای ناو پەنجەرە هێشتا هەر خەوتبوو. دڵم تەنگ بوو. چەند جارێك چوومە دەرەوەو سێبەری دیوارم لەسەر عەردی حەوشە پێوا بۆ ئەوەی بزانم چەندی ماوە بۆ نیوەڕۆ. سەرم لە پریاسکەی نانم دا کە لە قەراخ باخچە، لە ژێر خاکم نا بوو. لە ژێر خاکم نا بوو بۆ ئەوەی بە نەرمی بمێنێتەوە. هەر جارەی کە دەچووم سەرم لێ دەدا، حەزم دەکرد بیکەمەوەو پارووبەکی لێ بخۆم.. بەڵام تازە لە ژێر خاکم نا بوو. لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

ئەگەر وەستا بمبینێ بەیانی نامباتە سەر ئیش، دەڵێ: زگۆنیت!

کە بوو بە نیوەڕۆ، وەستا دینارێکی دامێو گوتی:

چارەکێك بۆ فراوینی خۆت. بای چارەکێکیش سرکە بە هەنگوین بۆ من بکڕە. کاسەکەی ناو توورەگە ببە. لە کاسەکەی کەو بیهێنە! خۆیشت، حەزت لە چی بوو، بۆ خۆت بکڕە.

کاسەکەم لەناو توورەگە دەرهێناو بە ڕێ کەوتم. بۆن برنجی پارزناو لە حەوشە دەهات. کارەکەری ماڵێ برنجی نیوە کوڵاوی ڕۆ کردبووە سەر تیجەو خەریك بوو ئاوی ساردی بە سەردا دەکرد. برنجەکە هەڵمێکی گەرمی لێ هەڵدەستا. سووقم بووەوە. حەزم دەکرد یەك مستی مستەهەق لە برنجەکە بخۆم. ئاوێکی جوان وەك چوڕی شیر لە بنی تیجە دەچۆڕایەوەو دەچووو ناو کونی قەراخ حەوز. کە ویستم لە حەوشە بچمە

دەرەوە، خشەخشی چارشێوێکم کەوتە بەر گوێو ژنێ هاتە حەوشە بۆنێکی خۆشی لێ دەهات.

□

شتەکانم کڕیو گەڕامەوە. کاسەی سرکە بە هەنگوینم دایە وەستا. خۆیشم چووم، پریاسکی نانم لە ژێر خاك دەرهێنا. لە کوژییەکی عەنبارەکە، لە تەنیشت تەشتی شەربەتی گەچ، دانیشتم. بای دوو درهەم رۆنی نەباتو بای دوو درهەم خورمام کڕی بوو بۆ ئەوەی بە نانی بخۆم.

وەستا پریاسکە نانی خۆی لە ناو توورەگە دەرهێنا. نانەکەی دەکردە پاروو، بە ئەنگوست لە دەمی خۆی رادەکردو قومە سرکە بە هەنگوینێکی بە سەردا دەکرد. لەبەر پارووی گەورە، گوپی هەڵدەدەفاو گۆشەی چاوی دادەپچڕاو خەفەت دەمو چاوی دادەگرت. دەمدی بە هەردوو دەست نانی دەخوارد.

وەستا، تا نیوەڕۆ، هیچی نەگوت. جگە لە دەنگی فلچە کە بە شەربەتی گەچەوە بە دیوار دەکەوت، هیچ دەنگێکی تر لە ناو عەنبار نەدەهات. لەگەن لەگەن شەربەتی گەچم دەبردە بەر دەستی. تەماشای دەکردمو بە دەنگی باریکی دەیگوت:

- ئەشرەف!! ئەشرەف!! تۆ گوتت دەزانم!!

وەستا بە بێ دەنگی نیشتبووە دیواری عەنبارەکە.



Scanned with CamScanner

کە فراوین تەواو بوو، وەستاوی بەرماوی سرکە بە هەنگوینی بنی کاسەکەی دایە من بۆ ئەوەی بیخۆم. یەکەم جار وەرم نەگرت، بەڵام ئەو بە توندی گوتی:

- بخۆ شەرم مەکە!! تۆ کوڕی!! یاللا!! ئیشمان هەیە. باش نییە نەخۆی!!

دووبارە دەنگی شڵپە شڵپی فلچەو شەربەتی گەچو هەمان سەرزەنشتو شەکەتی!

کابرای ناو پەنجەرە نانی خواردبوو، سەری لە حەوشە هەڵکێشا بوو، پەنجەی لێ دەدا بۆ ئەوەی بەرزی بکاتەوە. ئەو ژنەی کە چوومە دەرەوە بە تەنیشتمدا تێپەڕیو بۆنێکی خۆشی لێ هات، لە پشتەوە سەرو ملی دەشێلا.

□

عەسرێ، ئیشمان زووتر تەواو بوو. توورەگەکەم پێچایەوە. لەگەڵ وەستا دەمو چاومان شووشت. راستەم لەبەر بەندی توورەگەکە راکردو هێڵەگم بە سەری راستەکەوە کردو بە شانم دادا.

کارەکەرەکە هات کرێی داینێ. وەستا پارەکەی وەرگرتو هیچ قسەی نەکرد. رۆیشتین.

لە رێگادا، وەستا رووی کردە منو گوتی:

- با سەر لە چەند ماڵ بدەین بەڵکوو بۆ بەیانی ئیشێکیان هەبێ.

شوێنی کەوتم. گەیشتینە بەر دەرگایماڵێك. لە دەرگای دا. ژنێك سەری هەڵکێشا. وەستا سەلامی کردو گوتی:

- خانم ئیشەکەتان حازرە؟ گەچو مەچتان کڕیوە؟ بەیانی بێین، ئیش بکەین.

ژنە خۆی لە بەر چاومان کێشایەوە دواوە. قاپێکی بە دەستەوە بوو، کردبووی بە پەچەی سەر دەمو چاوی. لە پشت دەرگاوە گوتی:

- نا، وەستا گیان. نا. کێ حەوسەلەی قوڕکاری هەیە؟ ئاغا گوتی پاشان خەبەرتان دەدەمێ.

دیتم وەستا ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد. ڕەنگی سپی هەڵگەڕا. پشتی زیاتر کووڕ بووەوە. گەڕایەوە. ئیتر تەماشام نەکرد. ڕۆیشتین. گوتی:

- بەیانی لە مەیدانی؟

- بەڵێ، لەوێم.

- باشە! باشە، ئەگەر کارێ مارێکم هەبوو، دێمە دووت. تۆ منداڵێکی شەرمنی، ئیشت پێ پەیدا نابێ. خۆم دیمە دووت.

- باشە، وەستا گیان.

وردە وردە دنیا تاریك داهات. لەسەر پیادەڕۆ، بە دوای یەکتردا دەڕۆیشتین. دەمو چاوم لە پشت توورەگەی سەر شانم شاردبووەوە. وەستا گوتی:

- وەرە بڕۆ ئەم پارەیە خورد کەوە! پێنج دینار بگێڕەوە، چارەکێکیش نیوەڕۆ وەرتگرت. خراپ نییە! مەسرەفی کتێبو دەفتەرت دەردەچێ.

- خوا بە زیادی کا.



Scanned with CamScanner

بیست دیناریـیـەکی دامـێ بـۆ ئـەوەی خـوردی کەمـەوە. دەسـتگێڕێك، لـەو بەری جادە، لە پشت سندووقەکەی دانیشتبوو.

بلیتو جگەرەو بنێشتی دەفرۆشت. بە توورەگەی سەرشانم، بە جلی دڕا دڕام کە هەمووی بە پشکە شەربەتی گـەچ بـوو، چوومە لای دەستگێڕەکە. دەسـتم درێـژ کـرد. هێـشتا دەمـم نـەکردبووەوە، یـەکێ دەسـتی بـە بیـست دیناریيەکی نوێ بۆ سەر سندووقەکە درێـژ کـرد. زنجیری زێڕی سـەعاتی لەگەڵ دەستی سپی شەڕی دەکرد:

برا، گلۆزە جگەرەیەکی ڕۆبنستون!

دەنگەکەم ناسی. ڕاچلەکیم! ئاوڕم دایـەوە، (شـەهریار) بـوو، بـە قەشمـەری سەیری دەکردم.

کۆتایی ١٣٥٠



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# ئەشق و قوڕ

بەیانی زوو، چووومە ماڵی وەستا (مەمەد). (یەحیا) پێش من هاتبوو. (یەحیا) هاوزێ من بوو. لە بن دیوار دانیشتبوو. توورەگەی بیناکاری لە تەنیشت بوو. کە چاوی بە من کەوت، هەستا دەستی لە مل کردمو ماچی کردمو گوتی:

- خوێندن تەواو بوو؟ ها؟

تەماشای چاوەکانم کرد، بە شەرمەوە گوتم:

- بەڵێ، پشوومان دەستی پێکرد.

دەستی زبر بوو. من دەستم نەرم بوو. بن نینۆکەکانی گەچیان لێ نیشتبوو. پەنجەی گەورەی ڕەش ببوو.



Scanned with CamScanner

کوڕێکی زۆر باش بوو. دەیزانی کە من هاتم، دەبێ ئەو بڕوا، دەبێ بڕوا بە دوای کارێکدا بگەڕێو چەند ڕۆژێك بە بێ کار بسووڕێتەوە. ئەمە هاوینی دووەم بوو من دەچوومە لای وەستا (مەمەد).

هاوینی ڕابردوو، لە مەیدانی کرێکاران وەستابووم، ئەم (یەحیایە) خۆی منی بردە ئیش. لەگەڵ وەستا (مەمەد) لە کرێکارێك دەگەڕان. (یەحیا) منی بینی. بە بێ دەنگی لە قوژبنێك وەستابووم. سەرم دانەواندبوو. پاشان، هەموو جارێ دەیگوت:

- هاوینان، وەرە لای وەستا (مەمەد). تۆ شەرمنی. دەڵێی مریشکی قاچ بەسراوی. دەزانی ئەو ڕۆژە ، لە مەیدانی کرێکاران، چەند غەریبو دەمچەفت بووی. خۆت لە قوژبنێك گرمۆڵە کردبوو. من ئیشم بۆ خۆم پێ پەیدا دەبێ. تۆ وەرە لەگەڵ وەستا (مەمەد) بڕۆ. لە بیرت نەچێ، ها !!

ناچار ڕازی بووم.

وەستا (مەمەد) پیاوێکی باش بوو. ملی لەبەر ملی دەنام، بەڵام لە دڵەوەی نەبوو، ململانەکەی ڕووکەش بوو. تووڕە دەبوو، بەڵام زوو لە دڵی دەردەچوو..

وەستا (مەمەد) لە ماڵەوە هاتە دەرێ . سەلامم لێ کرد. چاكو چۆنی لەگەڵ کردمو گوتی:

- کارێکمان لە پشت شێرو خورشید هەیە. تۆ ئێستا بڕۆ ئەوێ. دوو بەردەپێ لە ناو توورەگە دەربێنەو بڕۆ! سەلام لە (سارف خان) بکە. پێی بڵێ وەستا گوتی لەو ڕۆژانە دێین، با کەرستەو شت ئامادە بکەن. تۆ

کەرپووچی ناو حەوشەو لای جادە سپی کەوە. دەیانەوێ نهۆمی سەرەوە دروست بکەن. سپی کردنەوەی کەرپووچ، دوو سێ ڕۆژە ئیشی تێدایە.

خۆیشم عەسران سەر دەدەم.

بەردەپێم هەلگرتو مالاواییم لە (یەحیا) کرد. ئەو لەگەڵ وەستا چووە سەر ئیش تا دوو سێ ڕۆژی تر.

□

مالەکەم، بە ناونیشانی وەستا (مەمەد)، دۆزییەوە. هێشتا بەهار ما بوو. بۆنی سپێدەی زوو دەهات. بۆنی گیای دەشتو دەردەهات لەگەڵ بۆنی ئاروو و میوەی تر کە لە پشت دوکانەکان ڕۆیان کردبوو. بۆنی چیای دوور دەهات. بۆنێك دەهات، بە من بایە هەر بخەوم.

ڕۆژانی سەرەتا، کار کردن زۆر سەختو ناخۆشە! لە پڕ، لە پشت مێزی قوتابخانە دوور دەکەویتەوەو خۆت لە ناو قوڕو کەرپووچو خشت دەبینیتەوە.

کە قوڕم بیر کەوتەوە، یەکسەر دەستم دەرزی ئاژن بوو. چقلی ناو قوڕم بیر کەوتەوە کە لە دەستم دەچەقی. لەحزەیەك ویستم نەچمە سەر کار، بەلام دایکم چاوەڕێی دەکردم. شەو، تا من دەهاتمەوە، لە حەوشە دادەنیشت. ئەگەر نەچووبامە ئیش، دەگریا. لە سەری خۆی دەدا. ئاخر گەورە ببووم. لە پۆلی نۆ بووم. شتێکی خراپ بوو لە کار بترسم.



Scanned with CamScanner

له دەرگام دا. کچۆڵەیەك دەرگای کردەوە. چاوی ئاوسا بوون. پێڵووی قورس بوون. کارەکەر بوو.

گوتم هاتووم کەرپووچی دیوار سپی کەمەوە.

گوتی:

- وەرە ژوورەوە.

حەوشەیەکی گەورە بوو. پڕ دارو درەخت بوو. بۆنی قوڕ دەهات. بۆنی شیری کزکزای دەهات. گوڵە زوڕنا بە قەد دارکاژدا هەڵگەڕا بوون. قوڕێکی زۆر! حەوشەکە سێبەری خۆشی تێدا بوو. شتی وا لە حەوشەی ئێمەدا نەبوو. چوارپایەکی داری گەورەیان لە لایەکی حەوشە دانا بوو. کوللەکەیان لێ کردبووەوە. چوار منداڵ لە سەر چوارپاکە خەوتبوون. سەرم دانەواند. قسەی وەستا (مەمەد)م بیر کەوتەوە:

- تاقمی بینا دەبێ چاویان پاك بێ! وەستاو دختۆر مەحرەمی ماڵانن.

نەردەوانەم لە حەوشە هێنا. لە دیواری حەوشەوە دەستم پێ کرد. کەرپووچەکان زۆر پیس نەبوون. کە بەردەپێم لێ دەدان، تۆزێکی زەردیان لێ هەڵدەستاو سپی دەبوونەوە.

خۆر هەڵاتبوو. چۆلەکە لە جریوە جریو کەوتبوون. کۆترە نێرەیەکی کێوی لە ناو باخچە لە دەوری مێیەکەی دەخولایەوە. گمە گمی دەکرد. گوڵە زوڕناکان داخرابوون. دەنگی ئاوازێکی خۆش دەهات. دەستم لەبەر بەردەپێ بریندار ببوو.

□

بۆنی تریاك دەهات. کابرایەکی ریش سپی لە حەوشە بوو. پیرەمێرد بوو. بن هەنگڵیان گرتبوو. چوومە پێش. سەلامم کردو پەیامی وەستاکەمم پێ گەیاند. وامزانی (سارف خان)ە، بەڵام (قاسم خان) بوو. لێوی رەش‌و هەڵمساو بوو. (سارف خان) خوشکێکی بێوەژنی گەنج‌و قەڵەوی هەبوو، دابووی بە (قاسم خان)و خۆی ببوو بە هەموو لە هەمووی ماڵەوە.

خوشکی (سارف خان) ژنێکی خاتوون‌و نازدار بوو. مێردی رەحمەتیی لە بنەماڵەیەکی ناودار بوو. کچێکی لەو مێردە هەبوو. کە یەم جار چاوم پێ کەوت، نەکەوتە بەر دڵم. لووتی سوور بوو. وەکوو لووتی پشیلە هەمیشە وەکوو تەڕ بێ وا بوو. لە پۆلی حەفتەم بوو. ناوی (پەریسا) بوو.

خوشکی (سارف خان) سێ منداڵیشی لە (قاسم خان) هەبوو: دوو کچ‌و کوڕێك. کچە گەورەکە لە پۆلی شەشەم بوو. ناوی (مینا) بوو. چاوی جوان بوو. وەکوو چاوی ئاسك وا بوو. وەکوو چاوی ئەو مانگایەی پار لەگەڵ (جەعفەر) دیمان‌و (جەعفەر) ئەشقی چاوی بوو.

چووبووینە دەور کردنەوە. (جەعفەر) مانگاکەی دی‌و ئەشقی چاوی بوو. خەوو خواردنی ببوو بە گریان. ناچار بووین لە شارەوە تا تاقی بوستان بە پێیان بڕۆین بۆ ئەوەی (جەعفەر) چاوی بە خانمی مانگا بکەوێ. چاوی ماچ بکاو بگەڕێینەوە.

هەوەسم بە (مینا) دەهات. هەموو جارێ کە بە تەنیشتمدا تێدەپەڕی، بەردەپێم ئەم دەست‌و ئەو دەست دەکردو لە سەرخۆ، بێ ئەوەی کەس ببینێ ، لە بنەوە ، تەماشام دەکرد. بە بیانووی ئاو خواردنەوە، لەسەر



Scanned with CamScanner

نەردەوانە دەهاتمە خوارێ. دەچوومە سەر لێوی حەوز بۆ ئەوەی چاوم پێ بکەوێ. قسەی باوکمم بیر دەکەوتەوە:

مرۆڤ ئەگەر چاوی لە ژنو ماڵی خەڵك بێ، خۆی تووشی خلیسکان دەبێ.

من هیچ نیازی خراپم نەبوو. بەڵام تۆزی کەرپووچم چووە ناو چاوو تا یەك مانگ نەنە هەموو رۆژێ چای لە چاوم دەکرد.

عەسران وەستا (مەمەد) دەهات. دیناریكو چارەکێکی دەدامێو دەڕۆیشت.

دوا شەو کە هەموو کەرپووچەکانم رنی، وەستا (مەمەد)و (یەحیا) هاتن.

(یەحیا) هەموو جارێ کە منی دەبینی، دەستی لە ملم دەکرد. منیش دەستم وەکوو دەستی (یەحیا) دڕ ببوو. توورەگەی لە ماڵی (قاسم خان) داناو گوتی:

- ئاخیری فێری خوێندەواریت نەکردم، باشە؟

گوتم:

- ئاخر وەختمان نییە. تۆیش شەوان شەکەتی.

بە حەسرەتەوە گوتی:

- ئاخیری هەر فێر دەبم!

(یەحیا) رۆیشت. هەڵبەت بۆ بەیانی دەچووە مەیدانی کرێکاران.

□



Scanned with CamScanner

سپی کردنەوەی کەرپووچەکان بۆ ئەوە بوو کە نهۆمی سەرەوەیان دروست کرد، بیناکە لووس و لێك دەربچێ. سپیکارەکان لە سەرەوە کاریان دەکردو ئێمە ژوورەکانی نهۆمی خوارەمان نووژەن دەکردەوە.

کە نیوەڕۆ دادەهات، من هەر لەوێ پریاسکەی نانی خۆم دەکردەوە. وەستا (مەمەد) دەچووەوە ماڵێ. ماڵیان نزیك بوو. دوای فراوین منداڵ دەهاتنە لام. دەخیلەکانیان دەهێنا بۆیان رەنگ بکەم. رۆژێ، رەنگی ئاویم برد. وینەم بۆ لەسەر دەخیلەکان کێشان. زۆریان کەیف پێ هات. بوون بە برادەرم. دەچوون بنکڕی مەنجەڵیان بۆ دەهێنام. نەمدەخوارد. بنکڕی مەنجەڵم زۆر پێ خۆش بوو، بەلاّم نەمدەخوارد. ئاخر (مینا)یش لەوێ بوو. وێنەیەکم بۆ (مینا)یش لەسەردەخیلە کێشا. وێنەی گوڵە مێخەکیکی جوانم بۆ لەسەردەخیلە کێشا.

( پەریسا) قەت نەدەهات. منیش بۆ خۆم بە دزی وەکوو تاوانباران تەماشای چاوی (مینا)م دەکردو سەرم دادەنەواند.

☐

من بەیانیان زوو دەهاتم. ئەوان هێشتا خەوتبوون. وەستا (مەمەد) زوو تووڕە دەبوو. حەزم نەدەکرد لەبەر دەمی ئەواندا قسەم پێ بڵێ سووکایەتیم پێ بکا. دە قات ئیشم دەکرد. کەرەپۆم لە ناو قوڕاوی سپی دەکرد. کەرەپۆ وەکوو لۆکە وابوو بەلاّم رەنگی قاوەییەکی کراوە بوو. کەرەپۆ زۆر درەنگ لە ناو قوڕاوی سپی دەتوایەوە. دەبوایە دابێمەوەو

بەردەوام پەنجەی تێ وەربدەم. پەنجەم تێ وەردەدا. لە ناو ئەو گۆمیلکەی بە کەرپووچو ئاسن دروستمان کردبوو، داداهاتمەوەو بە هەموو هێزی خۆمەوە پەنجەم تێ وەردەدا. ئاگام لێ نەبوو ئاسنەکە دەستی دەبڕیم. کە قوڕی سپی سوور دەبوو، ئەوسا دەمزانی دەستم بریندار بووە. شەلالی ئارەقە دەبووم. گۆناکانم گەرم دادەهات.

ڕۆژێ، پێش نیوەڕۆ، (دە) بارەکەر خۆڵی سپییان هێنا. لە نهۆمی خوارەوە ڕۆیان کرد. وەستا (مەمەد) گوتی:

- دەبێ ئەم خۆڵە ببەینە نهۆمی سەرەوە.

نیوەڕۆ، کە وەستا (مەمەد) ڕۆیشت، من دەستم دایە گونیە. تا ئەو هاتەوە، هەموو خۆڵە سپییەکەم بردە نهۆمی سەرەوە. کە چاوی پێ کەوت، هەر واقی وڕما. پێی گوتم:

- بە (باوکە باوکە)ی خەڵك دەمت شیرین نابێ. خۆت مەکوژە. یەك فلس زیادە نادەنێ.

□

(مینا) چاوی زۆر جوان بوو. برژانگی ڕەش و درێژ بوو. سپێنەی چاوی پاك وەك سپێدە وا بوو کە لە پشت کێوی بێستوونەوە دەرکەوێ.

ڕۆژ هاتو ڕۆژ چوو. ڕۆژێ، نانم خواردبوو، یەکێ لە ژوورەکانم پاك دەکردەوە، خۆڵی سپیم کۆدەکردەوە، لە ناو کۆمیدییەکەی قوژبنی ژوورەوە، گوێم لە خشەخشێك بوو. ویستم دەرگای کۆمیدییەکە بکەمەوە، یەکێ توند گرتبووی. پاڵی دەدا. کردمەوە. (پەریسا) بوو. پێکەنی.



Scanned with CamScanner

چاوەکانی بە جۆرێ بوون ، تا ئەو کاتە شتی وام نەدی بوو. کراسێکی بێ قۆڵی لەبەر بوو. بە تەنیشتمدا تێپەڕیو ڕۆیشت. بۆنێکی خۆشی لە پاش بە جێ ما. ئیتر هەموو شەو، بیرم هەر لای (پەریسا) بوو.

بە جلی ئیش کردن شەرمم لە خۆم دەکردەوە. ڕۆژێ، ئاوێنەی باڵانمای کۆمیدیایان هێنابووە دەرەوە، من دەمبردە ژێرزەمین. تەماشای خۆمم کرد. دووو سێ گەنجی هاوزێ خۆم لە ژێرزەمین بوون. (پەریسا)یش لەوێ بوو. دایکیشی لەوێ بوو. لە ناو ئاوێنەکەدا دەمدیتن. خۆیشم دەدی. کە گەیشتمە ناو ژێرزەمینی فێنك، خۆیان لێ کەلەلا کردم بۆ ئەوەی پیس نەبن. سوور هەڵگەڕام. گوێکانم گەرم داهاتن. وڕو گێژ بووم. (پەریسا) بە تەنیشتمدا تێپەڕی. قاچم لە لێوی دەرگا گیر بوو. ئاوێنەکە بە قەد خۆم دەبوو، بەربووەوەو شکا.

هەموو دەورەیان لێدام. وەستا (مەمەد) جوێنی دامێ.

بە رقەوە گوتم:

- دەیبژێرم. لە پارەی ڕۆژانەم بگێڕنەوە.

گوتی:

- ئەوە تۆ چ دەڵێی مەکتەبلێ؟! خۆ من قوتابخانەم لێرە دانەناوە؟ کرێکار دەبێ هەستو هۆشی لای خۆی بێ. ڕۆژانەت چەندە تا بیبژێری؟!

(پەریسا) سەری دانەواندبوو. ئاوڕی دایەوەو سەیری کردم، وەك بیەوێ شتێ بڵێ. ئاخیری هەر ئەویش بوو مەسەلەکەی پێك هێنا. گوتی من بووم خۆم لە ئاوێنەکە دا.



Scanned with CamScanner

ئێوارێ، کە گەڕاینەوە ماڵێ، وەستا (مەمەد) پارچە ئاوێنەیەکی گەورەی دامێ بۆی ببەمەوە ماڵێ.

ئێستا (پەریسا)م خۆش دەویست. ئیتر لووتی سوورو تەڕ نەبوو.

(پەریسا)، عەسران، سروودێکی دلکێشی تازەی لە ژێرزەمین دەخوێندەوە:

( بەسی کە! بەس گازاندە لە جیایی بکە!!)

ئای چەند خۆشی دەچڕی!! ئینجا لە پلیکانە سەردەکەوت. لە دالانەکە رادەوەستا. کە (با) دەهات، دامەنی کراسی نەختێ بەرز دەکردەوە. بن هەگلی دیار بوو. کورکی وەکوو کەرەپۆ وا بوو. کە (با)ی دەهات، بۆن عەتری دەهێنا. بۆن عەتری (پەریسا)ی دەهێنا. بۆنی لەشی (پەریسا)ی دەهێناو منیش توند پەنجەم لە قوڕی سپی وەردەدا.

بن نینۆکەکانم بریندار ببوون. نینۆکێکم کەوتبوو.

لەشم گەرم بوو. پڕ گەرمایی بوو. گۆناکانم داگیرسا بوون.

وەستا (مەمەد) لەسەر دەرابە سەیری دەرەوەی دەکرد. دایکی (پەریسا) لە سەر چوارپا دادەنیشتو پاڵی بە سەرینەوە دەدا. وەستا (مەمەد) تەماشای دەکردو بە پێکەنینەوە دەیگوت:

- بەد مەزەب، هەم دۆشەکەو هەم لێفە!

من پێم ناخۆش بوو. سەرم دادەنەواندو هیچم نەدەگوت.

قژم هێشتبووەوە. قژم درێژ ببوو. بۆ یەکەمین جار شانەیەکم کڕی. پارچەیەکی ئاوێنە شکاوەکەیشم لە سەر گووفەك هەلگرتەوەو لە گیرفانی



Scanned with CamScanner

کورتەکم نا. ئێواران، کە دەستم لە کار هەڵدەگرت، سەرم بە لایەکدا دادەهێنا.

ڕۆژێ، وەستا (مەمەد) منی بینی سەرم شانە دەکرد، گوتی:

تۆ ئاوها نەبووی!! ئەوە چ رووی داوە؟! ها؟ تۆیش کەشخە بووی. کرێکاریو ئەم جۆرە شتانەیان نەگوتووە، برا گیان. ئیشی منداڵە مەکتەبلییان مەهێنە ناو کرێکاران.

دوای ئەوە، لە ناو ئاودەست سەرم دادەهێنا.

شەوان، بە شەکەتی دەگەڕامەوە ماڵێ. دایکم مۆمو وازەلینی بۆ تێکەڵ دەکردم بۆ ئەوەی لە دەستم بدەم. تا پێستەی دەستم ئەستوور بێ. حەفتەی جارێکیش خەنەم لە دەستم دەنا.

نەنە، کە منی دەبینی، دەیگوت:

- ئەوە چ بووە؟ زۆر گۆڕاوی. ئەگەر قسەم بۆ نەکەی، بەخوا خۆم دەکوژم. هەی هەموو کەسم!! ئاخر بۆچی خۆت خەفەتخان دەکەی؟!

منیش بە خەفەتەوە دومگوت:

- هیچ نییە!! هیچ نییە!! زۆر ماندووم!

بەر لەوە، هەموو جارێ کە لەسەر سفرە دادەنیشتم، هێشتا پارووم لە دەمدا بوو، خەوم لێ دەبردمەوە. بەڵام ئێستا لەبەر دالغەی (پەریسا) خەوم لێ نەدەکەوت. هەمیشە لای ئەو بووم. تێر بووم. شتێ گەرووی گرتبووم.

□



Scanned with CamScanner

لە دڵی خۆمدا دەمگوت: چ بکەم؟ ئاخر نابێ ئاوها بە سەرکزی بێم‌و بڕۆم. بڕیاری خۆمم دا.

ڕۆژێ، خەریك بووم قوڕی سپی‌و کەرەپۆم تێك وەردەدا، (پەریسا) هات، لە بەر دەرگا وەستا. دەستی لەسەر لێوی دەرگا بوو. قسەی لەگەڵ (مینا) دەکرد. چاوەڕێم کرد. وەستا (مەمەد) قوڕی سپی لە دیوار هەڵدەسوی. کەس ئاگای لە من نەبوو. پەنجەم بە قوڕ بوو. هێدی پەنجەم لەسەر دەستی دانا. ئەمە تاکە لەحزەیەك بوو کە دەستم بەو کەوت. ئاوڕی دایەوەو سەیری کردم. زۆر بە ناز پێکەنی. هەڵات‌و ڕۆیشت.

□

ژوورەکانی نهۆمی سەرەوەیان دروست کردبوو، ئێمە خەریك بووین دیوارەکانمان سواخ دەدا. کە ڕۆژ دەچووە سەر ئاوابوون، خۆر لەو دیوارەی دەدا کە وەستا (مەمەد) تازە سواخی دابوو. من پەنجەم لە قوڕ وەردەداو پوختەم دەکرد. وەستا (مەمەد) لە سەر دەڕابە بوو. من مست مست قوڕم بۆ دەهاویشت. (پەریسا) دەهات. پاڵی بە دیواری وشکەوەبووی بەرامبەرەوە دەدا. هەتاوی زەردەپەڕ لە چاوی دەدا. مەمکی چووکی دەردەپەڕاند. خۆر بۆنی قوڕی سواخی توندتر دەکرد. بە دەست قوڕەکەم سەراوژێر دەکردو بە پەرۆشەوە سەیری (پەریسا)م دەکرد. برژانگەکانی وەکوو چقڵی ناو قوڕەکە لە ڕۆحم دەچەقین. داخم دەخوارد. فرمێسکم لە چاو قەتیس دەما. (با) لە دامەنی دەدا. بە بۆنی قوڕی تازەو بۆنی لەشی (پەریسا)



Scanned with CamScanner

مەست دەبووم‌و شێتانە کارم دەکرد. زولفەکانی وەکوو شەوانی من درێژو پەشێواو بوون. لە هەردوو لاوە کەوتبوونەوە سەر مەمکەکانی.

□

(قاسم خان) هەر ئەوەتە رۆحی لەبەردا مابوو. بە پارە خۆی راگرتبوو. وەکوو سایە دەهات‌و دەچوو. (سارف خان) دەستی بە سەر موڵك‌و ماڵی داگرتبوو.

نیوەڕۆیان، بۆنی خواردنی خۆش‌و باشیان لە ماڵەوە دەهات. بۆنی زیافەت، بۆنی شەوی چەژنی لێ دەهات.

منداڵەکان هەمیشە دەهاتن. (پەریسا)یش دەهات. هەموو دەم‌و لێویان چەور بوو. بە زۆر خواردنیان دەرخواردی بچووکەکان دەدا. کارەکەرو نۆکەر لە دەوری حەوشە راویان دەنان بۆ ئەوەی بیانگرن. من نیگارم بۆ دەکێشان. لە هەموویان زیاتر، وردەکاریم لە نیگارەکانی (پەریسا) دەکرد. رۆژێ، نیگاری نیلۆفەرێکی شینم بۆ کێشا، گیاکەڵەیەکی لە تەنیشت بوو. دامێ‌و هیچم نەگوت.

دوا رۆژەکانی ئیشمان بوو. پێویستییان بە ژوورەکان بوو. بڕیار درا شەو کار بکەین. ژووری منداڵەکانمان شەربەت دەکرد. رەنگێکی شەکەرییان هەڵبژاردبوو. هەموو ژوورەکە من شەربەتم کرد. لە پەنجەرەوە سەیری حەوشەم دەکرد. لالە عەباسییەکان چاوەڕێی فێنکاتی ئێوارەیان دەکرد بۆ ئەوەی بپشکوون. (پەریسا) بە تەك لالە عەباسییەکاندا تێپەڕی‌و منی



Scanned with CamScanner

بینی. دەستی بۆ لێوی بردو ماچێکی بۆ هەڵدام. دڵم توند لێی دا. لە زگ بوو لە خۆم بچم.

کە ئێوارە داهات، نازانم وەفاتی چ ئیمامێک بوو، حەلوایان دروست کردبوو. سینی حەلوایان بۆ منو وەستا (مەمەد) هێنا. (پەریسا) خۆی هێنای. وەستا (مەمەد) نیوەی حەلواکەی بە لەپی دەست هەڵگرت. (پەریسا) سینی لەبەر دەمی من راگرت. وەستا (مەمەد) خەریکی حەلوا خواردن بووز. من توند سینی حەلوام گرت. (پەریسا) سینی راکێشا، من بەرم نەدا. چاومان کەوتە سەر چاوی یەك. (پەریسا) گوتی: (بەردە، ئیتر بەسسە!)و رۆیشت.

ئەمە جوانترین رستە بوو تا ئەو کاتە گوێم لێ بووبێ. نەمزانی حەلواکە سوێر بوو، یان شیرین!؟

شەویش کارمان کرد. خەوم لێ هەرِما بوو. خۆشحاڵ بووم کە شەو لەوێم. شەو بوو، دەنگی یەکنەوای فلچەی وەستا (مەمەد)، کە بە دیوار دەکەوت، بێدەنگیی ژوورەکەی دەشکاند. یەکێ لە ناخی شەوەوە، گۆرانییەکی غەمگینی دەچرِی. من شەربەتم ساف دەکردو دەمبردە بەر دەستی وەستا (مەمەد). کە شەربەت تەواو بوو، یەك تەشتە گەچم گرتەوە بۆ ژێر ئاودەست. شوێنەکە هەڵقەنا بوو.

گێژ ببووم. شلو شەکەت ببووم. شتێ لە ناو سەرم وڕە وڕی دەکرد. خەوم دەهات. تەلە شخارتەیەکم کردە دوو لەتو لە بەینی پێڵووەکانم دانا تا قەپات نەبن بەلام نەبوو. خەوم لێ کەوت. وەستا (مەمەد) بێداری



Scanned with CamScanner

کردمەوە. پیاوێکی میهرەبان بوو. دڵی پێ سووتام. دەستم لە ناو گەچەکە بوو. گەچەکە وشك‌و رەق ببوو. وەستا (مەمەد) بە تەپشوو گەچەکەی شکاندو دەستی رەها کردم. چووین لە تەنیشت یەك خەوتین. هەر جارەی وەستا(مەمەد) خۆی دەجووولاندەوە، منیش بە خەبەر دەهاتم. وەستا (مەمەد) پیاوێکی خراپ نەبوو، بەڵام نەنە هەمیشە دەیگوت: ئاگاداری خۆتان بن، کوڕی لە تەمەنی ئێوە لە کچی عازەبیش خراپترە. بەدرەوشت‌و ناپاك زۆرە.

□

رۆژێ، بەرەبەری رۆژاوا، لە سەر کار دەهاتمەوە، یەکێ لە هاوپۆلەکانی خۆمم بینی. گوتی دەمەوێ بچمە خانەی مامۆستایان. لە پۆلی نۆ وەریان دەگرت. مانگی (٦٨) دیناریان دەدا. دوای دوو ساڵ دەبووین بە مامۆستا. تەنیا چوار رۆژ مابوو بۆ تاقی کردنەوە. مەسەلەکەم بە وەستا (مەمەد) گوت. گوتی: خراپ نییە، برۆ. (یەحیا) دێنمە بەر دەستم.

چووم بۆ ئەوەی خۆم بۆ تاقی کردنەوە ئامادە بکەم. بەڵام هەمیشە بیرم لای (پەریسا) بوو. غەمێکی بە قەد بێستوونم نیشتبووە سەر دڵ.

کە تاقی کردنەوە تەواو بوو، چاکەتێکم کڕی بە پێنج دینار. پانتۆڵی ساڵی رابردوویشم لە بن دۆشەك دانا بۆ ئەوەی دەق بگرێ. خاڵۆم سەعاتەکەی خۆی دامێ. سەعاتەکە یەك میلی هەبوو، ئیشی نەدەکرد. لە مەچەکی خۆم بەست. سەری خۆم چا کرد. چوومە حەمام. کلاشەکەمم بە قوڕی



Scanned with CamScanner

کەڵاش سپی کرد. جووتە گۆرەوییەکم کڕی. بای چارەکە دیناریکیش رۆنی بادامم کڕیو لە سەرم دا. لەبەردەم ئاوێنە وەستا بووم، نەنـە منـی بینی. نارەحەت بوو. بە بۆڵە بۆڵ گوتی:

- ئەگەر کچ بای، قوڕت بە سەری دەکردین! خوا کردی کچ نەبووی!! لە حەوشە دەرۆیشتم، گوێم لێ بوو، نەنە بە دراوسێکەمانی گوت:

- کلۆڵو بێچارە بووین، کوڕەکەمان خۆی بۆ کچان قۆز دەکا.

دامەوە کۆڵانێ. چوومە دیدەنی وەستا (مەمەد). هێشتا لە ماڵی (سارف خان) کاری دەکرد. وەستا (مەمەد) هەقی بوو، هەمیشە دەیگوت:

خوا نەکا تەپشووی بیناسازی لە ماڵێك گیر ببێ، ئیتر خۆ لێی نابێتەوە.

وەستا (مەمەد)یش تەپشووی لەوێ گیر ببوو.

(یەحیا) لەوێ بوو. هاتبووە لای وەستا (مەمەد). دەستی لە ناو شەربەتی گەچ بوو. کە منی بینی، گوتی:

ئاخیری دەرزت پێ نەگوتم، ها؟! لە بیرت بێ.

گوتم:

- دەمەوێ ببم بە مامۆستا.

گوتی:

- زۆر باشە. دەرز بە منیش بڵێ.

وەستا (مەمەد) گوتی:

- بەه! بەه! لەم کوڕە شازادەیە!! شتی وا بە نسیبی ئێمە نابێ.

رووی کردە (یەحیا)و پەنجەی بۆ من درێژ کردو گوتی:



Scanned with CamScanner

- شا بە سەپانی حۆی نازانێ.

من بە ئومێدی دیداری (پەریسا) هاتبووم. بەڵام (پەریسا) لەوێ نەبوو. منداڵەکان هیچیان لەوێ نەبوون. وەستا (مەمەد) بە پێکەنینەوە گوتی:

- سەعات چەندە؟

گوتم:

- سەعاتەکەم ئیش ناکا.

گوتی:

- ئەم قندیلۆکەت بۆچی کڕیوە؟ بە کەڵەشێرێکی بدە.

(سارف خان) ویستی پاداشێکم بداتێ. بیست دیناری دامێ بچم خوردی بکەمەوە. چووم خوردم کردەوە. (سارف خان) سێ چارەکە دینار پاداشتی دامێ. وەرمگرت و ڕۆیشتم. زۆر تەریق بوومەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم: بریا وەرم نەگرتایە.

□

غەریبی ماڵی (پەریسا)م دەکرد. شەوان، لە مێشکی خۆمدا وارە وارە راوێچکەم دەکرد. بە شەقامەکاندا دەسووڕامەوە. دەگەیشتمە بەر دەرگای ماڵیان. دەرگام دەکردەوە. دەچوومە ژوورەوە. دەچوومە ئەو ژوورەی خۆم بۆم شەربەت کردبوون. ژووری منداڵان. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئێستا لە کوێیە؟ ئێستا لە کوێ خەوتووە؟



Scanned with CamScanner

لە مێشكی خۆمدا دەمدۆزییەوە. لە سەر سەری دەوەستامو سەیرم دەكرد. پێم حەیف بوو دەستی لێ بدەم. ئای چەندم حەز دەكرد قژی بڵاوێنمەوە!!

دیسان دووبارە سەر لە نوێ شەقامەكانم دەپێواو ماڵەكەیانم دەدۆزییەوە. ببووم بە شێتی بیابان. دەمدایە چۆڵو بیابان. رۆژێ لە سەر كانییەك دانیشتبووم، یەكێ لەوێ بوو شمشاڵێكی باشی لێ دەدا. ناسیاویم لەگەڵ پەیدا كرد. ناوی (ئا حوسێن) بوو. كوڕێكی باش بوو. فێری شمشاڵ لێدانی كردم. زۆر پێشی كەوتم. دەیگوت:

- لێدانی شمشاڵەكەت شتێكی تێدایە تا ئێستا شتی وام گوێ لێ نەبووە.

شەوان، دەچوومە پشت ماڵی (سارف خان)و شمشاڵم لێ دەدا. كتێبخانەیەك لە لای ماڵی (سارف خان) هەبوو. دەچوومە ئەوێ بۆ ئەوەی (پەریسا) ببینم. بەڵام (پەریسا) دەرنەدەكەوت.

لە خانەی ماموٚستایان وەرگیرام. ئاخیرو ئۆخری ئەیلوول بوو. بڕیارم دا شتێ بكەم. خەریك بوو دیق بكەم. نامەیەكم بۆ (پەریسا) نووسی. لە ناو زەرفێكی بچووكم نا. لەلای ماڵیانەوە چاوەڕێم كرد. هاتە دەرەوە. جلی قوتابخانەی لەبەر بوو. هەندێ كتێبی لە بن هەنگڵ نابوو. بە هەمان تەڕوپڕیو بە هەمان عەترو بۆنو بە هەمان ناسكیی وەك كۆترەكیویلكە. دڵم داخورپا. حەزم دەكرد بكەمە گمەگم. قاچم سست بوو: بچم، نەچم! ئەمە یەكەم جار بوو، بوو بە دوا جاریش.

دوورو نزیك دوای كەوتم. كە گەیشتە كۆڵانەیەكی چۆڵ، دەرفەتێكم وەرگرتو نامەكەم لەسەر كتێبەكانی دانا.



Scanned with CamScanner

ئاوڕی دایەوە. چاوەکانی سەیر بوون. ئاشناو ئاسایی نەبوون. تۆقیبوون. نامەکەی بە چڕو چاوم داداو بە تووڕەیی گوتی:

- بێ داک و باب! بێ وێڵ! عەمەلە!

لە جێی خۆم وشک بووم. بۆ لەحزەیەک مردم! نامەکەم هەڵگرتەوە. ڕۆیشتبوو.

□

باوکم دەیگوت: مۆسیقا حەرامە. بەڵام من نەمدەتوانی بێ شمشاڵ بژیم. جارێکیان باوکم لە پشت دەرگا وەستا بوو. گوێی دابووە ئاوازی شمشاڵی من. هێدی هێدی هاتبووە ژوورەوە. لە ناکاو لەبەردەم خۆمدا دیم. ویستم شمشاڵەکە بشارمەوە. غەم و شەرمەزاری بە ڕووەوە دیار بوو. گوتی:

- لێدە! لێدە! وەک مەجنوون لێ دەدەی! نای داودییە! حەزرەتی داودیش نایەکی چاکی لێ دەدا.

ئەو ساڵە لە حەفت دەرز کەوتم.

* * *



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

وەستا (عەزیز) تازە ژنی مردبوو. سێ منداڵی سەرکەو بنکەی لە پاش بە جێ مابوو. تازیەدار بوو. ئاخێکی هەڵکێشا. لەگەنە قوڕەکەی وەرگرتو بەتاڵی کرد. قوڕەکەی بە چەمچە لە سەر چینی کەرپووچەکان پان کردەوە.

- مامە غولام حوسێن زۆر پەیتە. نووکە خاکەناسێك ئاوی پێدا کە.

- باشە وەستا.

هەر بەو ئارامییە گەڕایەوە لای قۆپەنە قوڕەکە. خەت خەتی کردو هەندێ ئاوی پێدا کرد. هەندێ خۆڵی بە بنی لەگەنەکە وەرکرد. بە پارچە بەردێك قوڕی تەنیشتەکانی لەگەنەکەی رنیو پاکی کردەوە. خاکەنازی لە ناو قۆپەنە قوڕەکە چەقاندو دووبارە قوتووی جگەرەی دەرهێنا. جگەرە نیوەپێچراوەکەی تەواو کردو چاوەڕێی کرد تا وەستا (عەزیز) داوای قوڕ دەکا.

□

لە مەیدانی کرێکاران، جێگای کۆبوونەوەی وەستاو شاگردو کرێکاران، ئاشنایەتیم لەگەڵ پەیدا کرد. لە تەنیشتم دانیشتبوو. پریاسکەی نانی لە بەینی هەردوو لاقی دانا بووو جگەرەیێ لە بەینی پەنجە لەرزۆکەکان دووکەڵی لێ هەڵدەستا، قومێکی لە جگەرەکەیدا. رووی کردە من. دەتگوت چەند ساڵە دۆستو ئاشنامە. گوتی:

- بۆچی دالغەت لێداوە، رۆڵە گیان. ژنو منداڵت برسین، چییە؟!



Scanned with CamScanner

بە خورتی پێکەنینم هێنایە خۆمو گوتم:

- نـا، نـا، هـیچ نییـە. بـەڵام... دوو ڕۆژە لێـرە دادەنیـشم. کـەس ئـاوڕم لێ ناداتەوە.

ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

- بەڵێ. وایە کرێکار زۆر بووە. لە دیهاتی دەورو بەرەوە دێن. لە ئیشو کار دەگـەڕێن. منـیش ئیـشەکەم وای لێ هـاتووە. ڕۆژێـك هەیـە، ڕۆژێـك نییـە. پیرەمێردان کەم دەبەنە ئیش. تۆیش زۆر لاوازو بچووکی.

ئینجا ریشی ماشو برنجی چەند ڕۆژەی خۆی خوراندو گوتی:

- لە سیماتەوە دیارە دەخوێنی! ها؟

- بەڵێ، دەخوێنم. پۆلی نۆم تەواو کردووە.

زۆر باشە، زۆر باشە! منیش دوو سێ پۆلی کۆنم خوێندووە. بەڵێ.

بەختم هێنای وەستا (عەزیز) بە کراسی ڕەشو سیمای غـەمبارەوە هاتو هەردووکی هەڵگرتینو بردینی بۆ کار.

بەیانیان زوو دەچوومە بەر دەرگای ماڵی وەستا(عەزیز)و توورەگەکەیم بە شانم دەدەداو بە یەکەوە دەکەوتینە ڕێ. تا دەگەیشتینە سـەر ئـیش، مامـە غولام حوسێن خۆڵی لـە بێـژینگ دا بـوو. ناوەڕاسـتی کردبـووە حـەوز. بـە دوو تەنەکە ئاوی دەهێناو لە ناو حەوزەکەی دەکـرد تـا بخووسـێ. (بـەیانی باش)مان دەکـردو دەسـتمان بـە ئـیش دەکـرد. نەفـەرێکی کەرپووچڕنیش دەهات. لە گۆشەیەکی حەوشە، لەسەر خۆڵو کەلەپارچەی کەرچووچەکان



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چایچییەکە پرسی:
- بە راست وەستا (عەزیز)، ژنەکەت چ خێری بوو؟ چ نەخۆشی هەبوو؟
وەستا (عەزیز) بناگوێی خۆی خوراندو گوتی،
- بە خوا نازانم. بەڵای ناگەهان بوو. رۆژێ، تەنی لە ماڵەوە تەکاندو پاشان چووە حەمام. لە گەڕانەوەد سەرما ئەنگاوتی. تووشی تاو لەرز هات. گوتیان تای سووریژەی گرتووە. حەزی چووە ئاوی خۆخ. بۆم کڕیو چوومە سەر ئیش. شەو، کە گەڕامەوە، بەڵێ، عەمری خوای کردبوو.
خەلیل توند شەپی لە ناوچەوانی خۆی داو هاواری کرد:
- ئاخ!! منیش دایکم هەر بەو دەردە چوو. خوای لێ خۆش بی! ئای چەندی حەز لە کەبابی شامی بوو. هەمیشە پێی دەگوتم:
- رۆڵە گیان، کارێك پەیدا بکە بۆ ئەوەی بتوانین خواردنێکی بە گوڕو تین بخۆین. دەستو پێم لەبەر بێ تاقەتی دەلەرزێ.
مامە غولام حوسێنی غەمبار گوتی:
بە راستی گەورە کردنی منداڵی بێ دایك دەردێکی گەورەیە. تۆ نازانی من مەعسوومەم بە چ بەدبەختییك گەورە کرد! ئیستا بە سەر پێیان کەوتووە. نەدەوێرام لە خۆی دوور بخەمەوە. قژم قوت دەکرد. جلی کوڕانم لەبەر دەکردو لەگەڵ خۆم دەمبردە حەمام. لەو حەسارەی ئێستا تێیدام، لای بەردتاشەکان، پیرەژنێك هەبوو. مەعسوومەم پێ سپارد. پیرەژن نانی دەجویو لە زاری مەعسوومەی دەنا. بەم جۆرە گەورە بوو. ئێستا تەمەنی هەشت ساڵە. دەچێتە قوتابخانەو کە ئیشی نەبێ، لە



Scanned with CamScanner

ژوورەوە دادەنیشێو کڵاش دەچنێ. یارمەتییەکە بۆ مەسرەفی ماڵەوە.
ئیش نییە خوا پێکی نەهێنێ. بەڵام باشە، ئاخر بۆ دەبێ تۆ ژنت جوانە مەرگ بێ؟! ژنی منیش بە گەنجی مرد. ئەویش چ مردنێك:
بارانێکی زۆر باری بوو. دیواری حەسار هەمووی تلیسابووەو دارزا بوو. چوو بوو لەبلەبی بۆ مەعسوومە بکڕێ. بەڵێ، دیوارێکی قوڕی تلیساوەی بەسەردا رما. جەنازەکەیان بردەوە ماڵێ. مەعسوومەی بچکۆڵە تازە گڕوگاڵی دەکرد. تا ماوەیەك لاڵ بوو. باشە!! بەڵێ...ئیتر دەڵێن خوا وای ئیرادە لە سەر بووە. بنیادەم پێکەنینی پێ دێ. خوا بۆچی تەنیا بۆ ژنو منداڵی من وای ئیرادە لە سەرە. تا ئێستا، کێ بیستوویەتی دیواری کەرپووچ بە سەر سەری کەسدا بڕمێ؟!
زستانی رابردوو، لە رۆژنامە خوێندمەوە خێزانێکی (دە) نەفەریی کەوتبوونە ژێر دارو پەردوو. نیوە شەو، هەموو لە ژێر کورسوو خەوتبوون، ژوورەکەیان بە سەردا تەپی. کەس بە زیندوویی دەرنەچوو. بوون بە بادی هەواو رۆیشتن. دایكو باوکێکی پیرو هەشت کوڕو کچ. لە تەمەنی دەساڵی تا بیستو ئەوندە ساڵی.
چایچییەکە پارەی خۆی وەرگرتو ئاخێکی هەڵکێشاو بە دەمو چاوی شێواوەوە گوتی:
- ئێمە ژیانمان ئاوها بێ زاخو بێ رەنگە، وەکوو سرپاتە چای ئاو تێکراوەوە.
ئیتر ملی رێی گرتو رۆیشت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ویستم بچم دەستی میهرەبانو زبرو بە قوڕی مامۆ غولام حوسێن ماچ بکەم. پێستەی دەستی چوو بوو. هەمووی بریندار ببوو. پانتۆڵی تا ئەژنۆ تەڕ ببوو. منداڵەکەیان بردە ژوورەوە. شادیو وەفاداری لە رووی خەڵکەکە شەپۆڵی دەدا.

چۆلەکەیەك، لە قوژبنێکی حەوشە، بێ خەمو خەیاڵ دانی بە بێچووەکەی دەدا.

□

رۆژاوا، دەستمان لە کار هەڵگرت. من تا بەر دەرگای ماڵەوە لەگەڵ مامۆ غولام حوسێن چووم. دەستی گرتمو بردمیەوە ژوورەوە. ژوورێك بوو لە قوژبنێکی حەساری بەردتاشان. مەعسوومە لە ژوورەوە دانیشتبوو. شووشەی لامپای پاك دەکردەوە. دەفتەرو کتێبو کلاشی نیوەچنراوی لە تەنیشت بوو. دانیشتم. مامۆ غولام حوسێن هەندێ کشمیشو شیرینی لە ناو هەگبەیەك دەرهێناو لە قاپێکی کردو لە بەر دەمی دانام. لەبەر ژانی لەشی، لە کاتی دانیشتندا، رووی گرژ کرد. دەستێکی بە ئەژنۆکانی داهێناو گوتی:

- ئاخ! دیسان چۆکم بە ژان کەوتەوە. هەر جارەی بچمە ناو ئاوی سارد، ئاوهای لێ دێ.

مەعسوومە چرای داگیرساندو من گوتم:

- دایکی کوڕەکە چەند کەیفخۆش بوو!! سەرو سیمات بینی!! بە راستی هەقێکی گەورەی تۆی لە ئەستۆیە!! قەت لە بیری ناکا.

چەند قلە کشمیشێکی هاویشتە زاریو گوتی:

- نا. لە بیری ناچێ. زۆربەی خەڵك پێزانو وەفادارن. بەڵام ئەگەر دەبینی هەندێ کەس بەرامبەر چاکەی خەڵك تەمەسەرو خەمساردن، ئەمە پەیوەندی بە تێگەیشتنو زانینی خۆیانەوە هەیە.

هەندێ تێناگەن، یان خۆیان لە گێلی دەدەن. رەنگە پەرژەوەندییان لەوەدا بێ خۆیان لە خەڵك بە دوور بگرن. بۆیان قووت ناچێ لەم دونیایەی ئێمەدا خەڵك چ فیداکارییەك دەکەنو مرۆڤی چەند شەریف هەن، گیانی خۆیان لە پێناوی خەڵکدا دەخەنە مەترسییەوە.

ماوەیەك بەر لە ئێستا، هەر لەم شارەی خۆماندا، سێ کەس ژیانی خۆیان لە پێناوی نەجاتدانی بیرهەڵکەنێك بە با دا. بیرەکە هەڵمی کردبوو. بیرهەڵکەنی بەدبەخت لەو بنەوە تووشی تەنگەنەفەسی هاتبوو. هاواری دەکرد یەکێ بە هانایەوە بچێو نەجاتی بدا. سێ رێدار، بێ ئەوەی بزانن ئەوە کێیە، یەك لە دوای یەك چوونە ناو بیرەکەو هەموویان مردن. فەرمانبەرانی شارەوانی هاتن. هەر چوار جەنازەیان لە ناو بیرەکە دەرهێنا.

من خۆم ئەمرۆ دەمزانی ئەگەری مردنم هەیە. بەڵام باش بوو منداڵەکەم نەجات دا. خوا بزانێ دوارۆژ ببێ بە چی؟ ژیانی دوا رۆژ بۆ ئەوە. من ئیتر پیر بوویم. چ زوو چ درەنگ دەڕۆم. هەندێ کەس وا نین.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

- وەرە بزانین ئەتۆ چ کارەی؟ سیخوڕی بۆ کێ دەکەی؟... ها... ها...سیخوڕی!! تەنانەت دەیانزانی چەند من کتێبم لە ناو باولدا هەیە. باشە، ئێوە سیخوڕن؟ یان من؟ بەڵام ئەوە نازانن کە فلانە کەس ماڵی خۆی کردۆتە قومارخانەو چوارپای گەووادیی داناوە. نازانن فلانە حاجی چۆن گەنمو برنجی خەڵك، واتە خوراکی سەرەکیی خەڵکی شاردۆتەوە تا گران دەبێ ئەوسا بیفرۆشێ. یان ئەوەی تر چۆن سەدان گونیە کرتۆپەو پیوازی لە عەنباردا دەرزێ.

منیان بە تاوانی تێ هەڵنەهاتن لە کارگەی ئارد دەرکرد. گەنجێتی خۆم بە کۆڵهەلگریو لە ناو ئارد فەوتاند. سینگم بریندار بوو. کۆکەم بوو. ویستم چارەسەرم بکەن.

چوومە لای خاوەنی کارگەکەو بوو بە دەمەقاڵێمان. دەریان کردمو تەواو. لە هیچ جێگای تریش کاریان نەدامێ. چونکە خاوەن کارگەکە کابرایەکی بە دەسەلات بوو. زۆربەی کارگەو گارخانەکانی ئەم شارە، یان هی خۆی بوون، یان بەشی تێدا هەبوون. ناچار هاتمە ئەو مەیدانەی تۆ لێی دانیشتبووی. کرێکاریم کرد بەڵام شەرەفی خۆم نەدۆڕاند.

وەکوو حاجییەکەم نەکرد. وەکوو بازرگانەکەی کرتۆپەو پیوازم نەکرد. لە دڵی خۆمدا گوتم:

واز لەم کلۆلانە بێنە! ئەمانە ئاگایان لە عەمری بێزەوار نییە. چاویان لە هەموو خراپەکانی دەورو بەریان نووقاندووە. لە سبەینێ هەتا ئێوارێ وەکوو گۆڕهەڵکەن بە دوای کەلاك خواردندا دەگەڕێن. تۆ ماڵی ئەمانەت

نەدیوە کوڕم، ئاخ، کوڕم!! ژنوخانەوەدەیان، نازانی چ پیسییەکە!! بە ئێمە دەڵێن عومەلە. کەوچکی هەزار ماڵمان بە زاردا چووە. لە هەر ماڵێك ئیش دەکەین شتێکی تازە دەبینین. ئاگامان لە بنو بنەچەی عالەمە. تف لەم جۆرە ژیانە!! تف!!

دەرگای ژوورەوە کرایەوە. ژنێکی رەنگ بزرکاو سەری هێنایە ژوورەوەو بە لەرزە لەرز گوتی:

- سەلام، باوکی مەعسوومە. ئەمرۆ باوکی منداڵان نەخۆش بوو، نەچووە ئیش. ئەگەر هەیە دوو دینارمان بدەرێ بۆ شەو بە نانی بدەم.

مامۆ غولام حوسێن قیت بووەوە، ژنەکەی بە رێ کردو هات دووبارە لە تەنیشتم دانیشت. دراوسێکان هەر پێیان دەگوت باوکی مەعسوومە. پێم گوت:

- بە راست، مامۆ غولام حوسێن، با کتێبەکانت ببینم!

دەستێکی گەیاندە عەردو دایە بەر خۆیو دەستەکەی تری بە ئەژنۆیەوە گرتو هەستایەوە. باولێکی داری کۆن لە قوژبنێکی ژوورەوە هەبوو، هێنایو کردییەوە. یەك یەك کتێبەکانی نیشان دامو گوتی:

- مرۆڤ پێویستی بە خواردنی رۆحیی هەیە. هەمووی هەر ورگ نییە! من هەندێ کات هەست دەکەم مێشکم تینووو برسییە! لەو کاتەدا، لە تەك ئەم کتێبانە دادەنیشم. برادەری زۆر چاکن!! زۆر بێ زەرن!! کتێب پڕن لە سەربردەی سەیرو سەمەرەی خەڵك، لە خەباتو تێکۆشانی خەڵك، لە



Scanned with CamScanner

باسی زولم‌و زۆرداریی ستەمکاران، لە باسی قوربانیدانی مرۆڤی باش، لە باسی دەرزی شەرەف‌و مرۆڤایەتی!! لە باسی ژیانی راستەقانی!!

مرۆڤ وەکوو سپرینگ وایە. لە عەردی دەکوتن هەڵدەقۆزێتەوەو لە جاران زیاتر گەردن هەڵدەکێشێ.

لە کن باولەکە دانیشت. دەستێکی بە دەم‌و چاوی داهێناو بە سەرسامی لێی پرسیم:

- بە راست، ئێوە لە مەکتەب چ دەخوێنن؟ هەر هاوکێشەی بێ سوودو هەر شت لەبەر کردن؟! ئایا مامۆستاکانتان قەت کتێب دەخوێننەوە؟ ئایا قەت باسی کتێبتان بۆ دەکەن؟!

بە شەرم‌و پەشۆکاوی گوتم:

- بەڵێ ، زۆر کەم. هەندێکیان دەخوێننەوە. تا ئێستا چەند مامۆستایەکی باشمان هەبووە. هەندێکیشیان دەڵێن: وەختمان نییە. مامۆ لەبەر خۆیەوە ورتە ورتێکی کرد:

وەختمان نییە، یانی چی؟ ماموستا !! ماموستایەتی کارێکی سەختە. ئێمە خانوو دروست دەکەین. ئەوان مرۆڤ دروست دەکەن، گەنجان دروست دەکەن. حەیف لەم دنیایەدا، (کا) لە پێش سەگ دادەنێن‌و ئێسک لەبەر ئەسپ!

مەعسوومە مەشقەکانی خۆی نووسیبوو، خەریک بوو هەندێ دۆی لە مەنجەڵ لە ناو کاسە دەکرد. کچۆڵەیەکی روناسک‌و بێ دەنگ بوو. کەم قسەی دەکرد. هەمیشە ملی بە لایەکدا لار ببووەوە.



Scanned with CamScanner

سفره راخرا بوو. مامۆ غولام حوسێن داوای کرد شێویان لەگەڵ بخۆم. دوای شێو یەکێ لە کتێبەکانی خۆی بە دەستیاو دامێ بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە. بۆ یەکەمین جا ر ئاشنایەتیم لەگەڵ ناوی (گۆرکی) پەیدا کرد. لە حەسار هاتمە دەرەوە، هەوای هەڵماوی رۆژاوای هاوین بە دەمو چاوی شەکەتم کەوت. دنیا بۆنی نانی تازەو بۆنی ماستو بۆنی ناروو بۆنی ئارەقەی لەشی بەردتاشەکانی لێ دەهات. سەرم بڵند کرد. هەناسەیەکم هەڵکێشا. هەناسەیەکی بە قەد گەورەیی هەموو دنیاو هەستم کرد بووم بە مرۆڤێکی تر.

□

یەك مانگ لەگەڵیدا بووم، کارم دەکرد. دوای کاریش، دەچوومە ماڵی. ببووین بە برادەر. هەندێ جار دەفتەری سەد پەڕەی بۆ دەکڕیم. دەیدامێو دەیگوت:

- بگرە. لەوانەیە پێویستت پێ ببێ.

وەرم نەدەگرت، ئەزیەتی دەخواردو دەیگوت:

- مەترسە، بە خێر ناتدەمێ! تۆیش کاتێ دێ تۆڵەی دەکەیتەوە. خۆ دنیا خرا نەبووە. بابە، بە قەرز دەتدەمێ. بگرە!! فەرقی چییە؟! کوڕم، خۆت مندال مەکە!

رۆژ بە رۆژ، لەڕ لاوازتر دەبوو. دەکۆکی. قاچەکانی ئاوسا بوون. بەڵام هەر خۆی دەگەیاندە مەیدانی کرێکاران. زستان وەرزی بێکاریی بوو. قوڕکاری



Scanned with CamScanner

کەساد بوو. مامۆ غولام حوسێن هەندێ شخارتەو پەڕاوی و قامیشی جگەرەی لە سەر سنییەکی کۆن دادەناو دەچووە دەرەوە. گۆڕستانێك لە بەرامبەر حەسارەکە هەبوو. شەوی هەینی، خەڵك لەوێ کۆدەبوونەوە. دەبوو بە قەرەباڵغی و مامۆ غولام حوسێن چەند یارییەکیشی بۆ منداڵان لەبەر دەمی خۆی دادەنا.

دەچووم لە تەنیشتی دادەنیشتم. تەماشای خەڵکەکەم دەکرد: ئەو منداڵانەی بە چاوی مەراقەوە چاویان دەبڕییە یارییەکان و ئەو دایکانەی بە خورتی منداڵەکانیان لە دوو خۆ رادەکێشا.

مەعسوومەیش هەندێ جار دەهاتە ئەوێ، لەبەر بەرۆچکە دادەنیشت و کڵاشی دەچنی. شەوان، بە یەکەوە دەگەڕاینەوە حەسار. مەعسوومە ببوو بە ئاشنام. بە حەیاو بە سەودانەواندنەوە، چیرۆکی چۆلەکەو خانووی کاغەزی، بۆ دەگێڕامەوە، ئینجا خەریکی مەشقەکانی خۆی دەبوو. شیومان دەخواردو قسەمان دەکرد. کتێبێکم وەردەگرت و دەچوومەوە ماڵێ.

□

چەند رۆژ بوو مامۆ غولام حوسێن لە ماڵەوە کەوتبوو. تا دەهات قاچەکانی خراپتر دەبوون. ئیتر نەیدەتوانی بچێتە مەیدانی کرێکاران. ژوورەکەی پڕ دەبوو لە دەرو دراوسێ. پینەدۆزێ قوتووە رۆنێکی بچووکی بۆ دەهێنا. دەیگوت رۆنی نەهەنگەو بۆ ژانی قاچ باشە. بەقاڵەکەی پشت حەسار دەهاتە سەردانی و هەندێ هەنگوینی بۆ دەهێنا. تەنەکەچییەك و



Scanned with CamScanner

بۆیاغچییەكو دوو بەردتاشیش سەریان لێ دەدا. ئەو ژنانەی لە كاتی بێ پارەییدا پارمەتییان لێ وەردەگرت، بەردەوام لە ئەحواڵیان دەپرسی.

مامۆ غولام حوسێن، سەرەڕای نەخۆشیش، چاكو چۆنی لەگەڵ هەموویان دەكردو قسەی بۆ دەكردن.

كە حاڵی باشتر بوو، ماوەیەك نەچوومە لای. بە خەیاڵی ئاسوودەوە خەریكی دەرزەكانم بووم.

مامۆ غولام حوسێن دووبارە دەستی دەدایە سینییەكەو دەچووە لای دوكانەكانی پشت حەسار. لەوێ دادەنیشت، چاوی دەنووقاندو دەچووە ژێری.

□

شەوی هەینی بوو. دەچوومە لای حەسار. گۆڕستانەكە جمەی دەهات. دەستگێڕەكان، بۆ ساغ كردنەوەی شتەكانیان، گەرووی خۆیان دەدڕاند. دەرۆزەكەران سواڵیان دەكرد. چەند كەسێ، بە دەنگی بەرز، قورئانیان بۆ مردووو بۆ تازیەداران دەخوێند. سەقایەك بە دەنگی ئاسایی خۆی بانگی ئاوی خێراتی رادەهێشت. منداڵ جەنەیان دەگرت. دەگریانو بە دوای دایكیاندا رایاندەكرد. بە چاوی برسی چاویان بڕیبووە لەبلەبیو پاقلاوەی بامیەی پڕ شیلەو ئارووی تورشیو شیرینی خێراتو ئاویان لە لالغاوە دەهاتە خوارێ.



Scanned with CamScanner

یاریفرۆشێك فڕفڕۆك‌و قرقرکەرەی دەفرۆشت‌و بێ خەم‌و خەیاڵ دەنگی لە قرقرکەرەوە دەهێنا. یەکێکی تر کۆتردارینەیەکی لەبەر چاوی منداڵان تەکان دەدا. کۆترەکە لە سەر دوو پێچکە دەڕۆیشت‌و باڵی لیك دەدا. منداڵێك خۆی لە خرتۆڵێ وەردا بوو خۆڵی بە سەر خۆیدا دەکردو دایکی بە مست لە پشتی دەدا. لەگەڵ هەر مستەکۆڵەیەك منداڵەکە دەنگێکی وەکوو دەنگی قرقرکەرەی لە گەروو دەهاتە دەرێ.

دوو کوڕیژگەی بچکۆڵە دەستیان سەر شانی یەکتر دانا بوو، وەکوو ترومبێل هۆڕنیان لێ دەداو بە خێرایی لە ناو خەڵك پێچیان دەکردەوە.

لە پڕ، لە ناو ئەم هەراو هۆریایەدا، لە دوورەوە لۆرییەکی شارەوانی پەیدا بوو. راوەستاو چەند پیاوێکی تۆکمەو بە وەجی لێ دابەزی. دەرۆزەکەرەکان خەبەریان دایە یەکترو تێیان تەقاند هەڵاتن. دەرۆزەکەرێکی شەل لە پڕ پێی گرت‌و هەڵات. کوێرێك چاوی کردەوەو خۆی بە ناو حەشیمەتەکەدا کردو بزر بوو. دەنگی پێکەنین‌و هات‌و هاوار دەهات. چەند دەرۆزەکەرێکی بەدبەخت، نەیانتوانی بجوولێنەوە، بە گیرکەوتن‌و هەموویان فڕێ دانە ناو لۆرییەکە. لە ناکاو لەو غەڵبە غەڵب‌و هەرایەی خەڵك، کچێ لە ناخی دڵەوە زریکاندی‌و دەنگێکی ئاشنام کەوتە بەرگوێ، هاواری دەکرد:

- من دەرۆزەکەر نیم! دەرۆزەکەر نیم!! خەڵکینە من قەت دەرۆزەم نەکردووە.



Scanned with CamScanner

بە هەڵەداوان رامکرد بۆ لای لۆرییەکە. غولام حوسێنم لە ناو قەرەبالغی ئەو دەرۆزەکەرانە دی کە لە ناو لۆرییان پەستا بوون. خۆی گەیاندبووە بەشی دواوەی لۆرییەکەو دەستی بۆ خەڵکەکە درێژ کردبوو. هاواری دەکرد:

- مەعسوومە!! ئاخ، ئەدی چ لە مەعسوومە بکەم؟!

هەموو گیانم گڕی گرت. مستم قوچاندو هاوارم کرد:

- باوکی مەعسوومەیان برد. باوکی مەعسوومە دەرۆزەکەر نییە!

پینەدۆز لە ناو دوکانەکەی دەرپەڕیو هاواری کرد:

- باوکی مەعسوومە سواڵکەر نییە!! بۆ کوێی دەبەن؟!!خەڵکینە، باوکی مەعسوومە سواڵکەر نییە!!

بۆیاغچیو تەنەکەچی خۆیان بە ناو حەشیمەتەکەدا کرد. بۆیاغچی مشتی شینی لە سەر سەری خەڵکەکە با دەداو دەچووە پێش:

- لێ ناگەڕێین باوکی مەعسوومە ببەن!! باوکی مەعسوومە دەرۆزەکەر نییە!!

بەردتاشەکان غاریان دایە دەرەوە. دوکانداروو دەستگێڕەکان پەلاماری لۆرییەکەیان دا کە لە دواوە دووکەڵێکی رەشی لە گەرووی خەڵکەکە دەکردو دەیەویست بجووڵێ.

- دەرۆزەکەر نییە! بەرەڵلای کەن! باوکی مەعسوومە دەرۆزەکەر نییە!! دایبەزێنن!!



Scanned with CamScanner

کوتکێکی بەردتاشی لە هەوادا برووسکەی داو درەوشایەوە. تایەی لۆرییەکە رمبەی هات تەقی! یەکێ مستێکی لە دەمی یەکێ لە پیاوە تۆکمەو بەوەجەکان کوتا. باوکی مەعسوومەیان دابەزاند.

☐

مەعسوومە سینیو شخارتەو جگەرەو زەمبیلو یارییەکانی بە شانی داداو بە دوای باوکیدا بەرەو ماڵ بووەوە. چاوە فرمێسك تیا قەتیسماوەکانی شادییان تێدا دەگەڕاو دوو دڵۆپە فرمێسك لە سەر گۆنا بزڕکاوەکانی بوون بە هەڵم. خەریك بوو وەکوو چۆلەکەی ناو هەقایەتەکەی، بەرەو خانووی کاغەزی خۆی دەچووەوە.

دنیا سووی سارد بوو. خۆر بە هەموو تینی خۆیەوە دوا تەقەلای دەدا گەرمایەکی زیاتر بە گیان ببەخشێ. لە دوورەوە دەنگی غەمگینی قورئاخوێنێكو قغەقغی چەندقەلەرەشێك لەسەر دارچنارێکی بێ گەڵای سەر گۆڕێکی بێ کەس دەهات. رقو خەفەت گەرووی گرتبوومو لە داخان دەمو چاوم گەرم داهاتبوو.

بەرەو حەسار کەوتمە رێ.

1356

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner